کوردبوون و یەکییزیی نەژادیی-2- کامیار سابیر

لە ئەدەبییاتی سیاسیی و ئەکادیمییدا، لە ئاستی جیهانیی بە گشتیی و تەکستی وەاتانی رۆژئاوادا، بەتایبەتیی، ناسیۆنالیزم، گرنگییەکی زۆری پێدراوە. ئەمە لە ناو ئەدەبییاتی عەرەبیی، تورکیی و فارسییشدا، قورسایی خۆی هەیە و ئەو سێ نەتەوە هاوسێیەی کورد، بە دڵیان هەزار تۆڕەر، نوخبە و ئەکادیمیستی تایبەت بە بواری ناسیۆنالیزم، دەوڵەتی نەتەوەیی و فیکری (سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی) ناسیۆنالیزم، گرنگییان پێداوە و بە خەرمان تەکستیان هەیە. لە ناو کورددا، ناسیۆنالیزم بە گشتیی و کوردایەتیی وەکو ڤەرژنە باوەکەی، کەمترین توڕەیینەوە و تەکستی فیکریی لەسەر کراوە و نووسراوە. نە چەپەکانی کورد، نە ئیسلامییەکانی کورد کە هەردووکیان ڕەقیبی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەیین(بە حیساب)، بە مەڕووی هەموو ئەدەبییاتەکیاندا بچیتەوە، چوار وتاری فیکریی و سیاسییت لەسەر ناسیۆنالیزم، دەست ناکەوێت. نوخبەی کوردیی، لەوان، وەرانتر. لە لایەکی ترەوە، هیچ نەتەوەیەک وەکو کورد، بە تایبەتیی کورد عەراقیی و ئێرانییەکان(بەوانەی بە تاراوگە"دایاسپۆرا"نشینیش ناسراون)، ناسیۆنالیزم، ئەوەندە نەبووەتە وەردی سەر زوبانیان، بەڵام بە مەعریفەییەکی قووە، جەهلەکی سیاسیی و فیکریی غەلیظ، ئەدەبییاتی کوردیی تەنیوە و شیعر و چامەی شیعری نەتەوەیی، پەخشانە شیعری کوردیی و نووزانەوەی نەتەوەیی، خەخواردنەوە و بەندبۆیی نەژادیی، جوەندان بە عەرەب و ئیسلام، بە تورک و فارس، بە شیعە و بە تورکمان، سەرتاپای ئەدەبییاتی کوردیی(کرمانجیی ناوەڕاست)، داگیر، کردووە.

قسە لەسەر ئەوە نییە کە گەلی کورد، نەتەوەیەیان نا؟ بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەو ناسیۆنالیزمەی هەیە، بە درێژایی ٧٥ بۆ ٨٠ ساڵە هەیە، لە هەندێک دەخدا لە شێخ مەحمودەوە کە بە ناسیۆنالیزمی پریمیتیف دەستی پێکردووە، بەڵام بە باکگراوندە دینیی-مەذهەبیی و طەریقەتییەکەی ئەو سەردەم کە ئێستا بە زمانی مەدەرن، پێیدەگوترێ ناسیۆنالیزمی دینیی، ئەم مەڕووە دوور و درێژە پێ لە فەشەل و فیاسکۆیە(فەشەلی سەرتاپاگیر)ی ناسیۆنالیزمی کوردیی، چیی بە کورد، کردووە؟ ئەدەبییاتەکەی؟ تەکستەکەی؟ ئینتەرجینسیاکەی (موثەقەفەکانی) و سیاسییەکانی؟، کوا ئەمانە لە کوێی مەڕووی

حزبەکەی سیاسیی کوردستان و ڕێبەران چیی بوو؟ بۆچی بەرهەمی ئەو هەموو مێژووە پڕ لە فانتەزیی ناسیۆنالیزمی کوردیی، بەم چەتەگەریە ئاغاواتیە-بنەماڵەیی-شێخنشینییە-طەریقەتییە-ئیمارەتییەی بنەماڵەی بارزانیی، بنەماڵەی تاڵەبانیی و حیزبەکەی نەوشیروان موصتەفا (گیان) کەتایی هات کە هەمووبان، بەردەوام لەسەر کۆلاکی تەپیوی کوردایەتیی، شیین و شەپۆڵ دەکەن.

کوردایەتیی لە فەرمی کوردبووندا و لە عەقڵی نێژادیی هەندێ سیاسیی و نوخبەدا، بە ئیدامەدان بە ژیانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆی، ڕق و قینی و بوغز بەرامبەر نەتەوە و نێژاد و ئایین و مەذهەبەکانی تر، هەڵدەقۆڵێت. ئەمانە، بەردەوام، خەیان دەننەوە و موناجات دەکەن و دەڵێن دوژمنی دەرەکیی، دەمانخەن. ئاخر ئەوە هەر مەسعود بارزانیی نییە کە بە درێژدان بە تیجاڵەتە دەیان میلیارد دۆلاریەکەی لەساڵێکدا، چەندین دوژمنی دەرەکیی، ڕەسم دەکات، بەکو ئەکادیمستە فاشیەکانی ئەمە لە ئەورووپاوە، بۆغداد و عەرەب، شیعە و تورکمان، بە قەصدی ئایدیۆلۆژیی، بە عوقدەی نێژادیەوە، بە دژە کوردە ئۆژمارد دەکەن و تەخوینی ئەمەمانیش دەکەن کە بە گەمژەیی سیاسیی خەمان، وەکو جاشی بۆغداد!، ڕێ دەگەین. ئەوە وەڵای ئەوەی بەشکێی زەر لە مێژووی ئەم کوردایەتییە، یەکترتەخوینکردن بووە و هەر جارێ بەرێیەکیان، بوونە بە عەمیلی موخابەراتیی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و شەڕی یەکتریان کردووە.

ئێستا کەمێک ئەکادیمیستی جوانفرۆشی موحەقەق گەمژەی سیاسییش پەیدابوونە، بە کاڵیی و کۆماویی، بە ئەوەی هیچ مەترسیەک لەسەر قەوارەی دزەکانی هەرەم هەبەت، وەکو بەتەجیەکانی کوردایەتیی، کەوتوونەتە بەرق تەقاندن دژی بۆغداد و دەڵێن، بە هەر نرخێک بووە، لەبەر خاتری نێژادی کورد و شکڵەمەی کوردبوون!، دەبە دەست بە قەوارەی هەرەمەوە بگیرەت. بە واتایەکی تر، گرفت نییە پارتیی و یەکێتیی، گیان، یەکگرتوو ...تاد، چیی دەدزن و چیی دەبەن؟ چۆن تەواوی شیرازەی کەمەڵایەتیی کەمەگەی کوردیان، هەڵا هەڵا کردووە، بەتام چونکە خوێنەکیان و بێنەخوێنەکانیان، چونکە ناموسەکیان و دڕپەکیان، کورد و کوردیە، ئەوە لە عەرەبی نەفرەتیی و لە شیعەی ڕافیضە (بە قەولی فاشیزمە سوننییەکە)، باشترن. پەمان دەڵێن، ئەمان دزیش بن، قەیدی نییە، چونکە کوردن و لە خەمانن، بەتام بۆچی شیعەیەکی کافر (بە کوردایەتیی تەکفیریان دەکەن، هەروەکو چۆن سەلەفیی و ئیخوانییەکان، طائیفییانە تەخوینیان دەکەن و بە موسەمانیان لە قەڵەم نادەن) نەوتەکە و گومرکەکانی ئەمە کۆنترۆڵ،

بکات.

تەنانەت داواکانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەتیی گەنجان کە داوای ئەوە دەکەن مەڵەفی نەوت و غاز لە دزەکانی کوردایەتیی بسەنرێتەوە، گومرگ و بازگە سنووریەکان و مەطارەکانیان، لە بسەنرێتەوە، مووچە راستەوخۆ لە بەغدادەوە بدرێ بە خەڵک و راستەوخۆ حکومەتی فیدراڵ، کۆنترۆڵی ئەم مەڵەفانە بکات، ئەم داوا ڕەوایانە، بە گەمژەیی سیاسیی دەزانن. هەندێکیان، فرێ ئەحمەقانە، دەوڵەتی عێراق، بە کۆمۆنیالیست(داگیرکار) لە قەڵەم دەدەن، کۆمۆنیالیزمی فانسیی بە لوبنان و دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بەسەر شیمالی عێراقدا(کوردستان)، وەکو یەک بە کۆمۆنیالیزم، دەشیعرێنن! ئەم خورافە نەتەوەیی و نەقصە نەژادییە، تەنیا بە خەڵکانێک دەیخوات کە ئاگایی سیاسیی و فیکرییان، صفرە، ئەگینا بە گەنجانی ئەم سەردەمەی کوردستان بە تایبەتیی بە نەوەی دوای ڕاپەڕین، فشەیان بەم عەقڵیەتە نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستییە، دێت.

ئەم نووسینە، جەخت لە فشەڵی کوردایەتیی دەکاتەوە و بەدیلەکەیشی بە ناسیۆنالیزمێکی تر، جا مەدەنیی بێت یان خورافەی سیاسیی هەندێ ئەکادیمیستی تاراوگە، نازانێت، یاخود فەنتازیای حیزبێکی وەکو پارتیش نییە کە نزیکەی سیی ساڵە بە دەستوری موخابەراتی تورکیی(میت) و جەنتای (نوخبەی عەسکەریی) تورکیی، مامۆستایەک هەر لەگەڵ کوردستانی عێراقدا دەکات، بەکو بە دەستوری ئەوان، مامۆستا لەگەڵ کوردستانی سوریا و تورکیاشدا دەکات. بە پێچەوانەوە، جەخت لە گوتارێکی نیشتمانیی(دوور لە خورافەی نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستیی کورد) دەکاتەوە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە گەلی کوردی تێدا دەژیێن(قسە لەسەر کوردستانی عێراق)، هەرچی کوردستانی سوریا و تورکیایە، کوردایەتیی ئەو ڕەهای نییە و ئەوەی هەیشە(ئەنکەسە)، جەرەکە لە جاشیەتیی و عەمالەت کە ڕاستەوخۆ، وەکو مورتەزیقەی تورکیا، هەسوکەوتی سیاسیی و عەسکەریی دەکەن. کوردستانی ئێرانیش، حیزبەکانی کوردایەتیی بە چەند کەمێک و چەند دەمەکرات و حەسەسکانی تریەوە، هەموویان ڕەهای مورتەزیقەیی بە دەستی سە و چوار بە کوردایەتییە مورتەزیقەکەی کوردستانی عێراق، دەبینن؟ بە واتایەکی تر، کەشە سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، دەبە بە تەکەای خەڵکی عێراق و بەغدادەوە ببەسترێنەوە و هیچ ئالتەرناتیفێکی تر بوونی نییە، ئەوەی هەیە هەمووی خورافەی ئایدیۆلۆژیین(شیوعیی و چەپەکان، ئیسلامییە جەراوجۆرەکان، لەگەڵ نەتەوەیی و

نژادییەکاندا)، ئەم گرووپانەی ناو کەوانەکە، هەموویان وەکو داهێنەری سیاسیی، لە ناو مەرزەی ریفراندەم موخابەراتییە ئیقلیمییەکە، چەقنەران و پشتیوانی گرووپە نژادییەکی ئایدیۆلۆژیی ئەمانە نگیرێت.

بە تێوانینی گرینفێلد Greenfeld کە باسی نەتەوە دەکات و پێوایە نەتەوە لە بریتانیاوە وەکو چەمک و سیاسەت فەرمانڕەوا بووە، باوەڕی وایە کە وەک جیاوازییە سیاسیی، چینایەتیی، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی و ئایدیۆلۆژییەکان، ئەوەی کە توخمی سەرەکییە لە دروستبوونی نەتەوەدا، ئەو گلووە(گێنوو)یە کە دەکرێ پێیبگوترێ هاوکاریی دەستەجەمعیی(Collective Solidarity) لەرزشەوە، ئینتێرجێنسیا، دەخاڵەت دەکەن و لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە، چوارچێوەکانی ئەندێشەی ناسیۆنالیزم، ڕەنگدەڕژ دەکەن، بەتایبەتیی بە قەڕبووکردنەوەی ئەو غوبن و خەخواردنەوانەی خەیان کە لە دەوروبەرەکیانەوە یان ڕژێمە دێرینەکان(ancient regime)، یاخود شارستانییەکانی دەوروبەرەوە، وەریانگرتووە Greenfeld 1992)).

لە واقیعدا، ئەم بۆچوونەی گرینفێلد ئاگەڕ بەسەر ناسیۆنالیزمی کوردییدا، بە تایبەتیی بەسەر ڤەرژنی کورداێتییدا، تەطبیق بکرێت، کتومت، کورداێتیی، نەک نێتوانییەوە ئەو دەستەجەمعییە دروست بکات، بەڵکو بەشکی زەر لە مونەوەرانی کورد، بەتایبەتیی شاعیرەکانی کورد، دەیان و صەدان چامەی کووزانەویان هەیە کە کورد، قەطعەن نابن بەهیچ، چونکە خەخەر و دووڕوون و نەکرایەتییان بە سەردارەکانیان پێ لە هەموو شت گرنگترە. ئەمە واقیعەکی تاڵ و حەقیقەتکی مەڕوویە کە هاوکاریی دەستەجەمعیی لەنێوان گرووپ و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییدا، زەر زەر کەم بووە، یان هەر نەبووە، بەڵام زەر بە کەمیی دەبیینیت کەسانەک لە کورد هەبن، باسی خودنەفرەتیی و خەبەکەمزانیی بکەن، وەکو ئەوەی هەندێ نووسەری نژادپەرستی ئەوروپانشیین، ثیرایزی ئەم خورافاتە نژادییانەی خەیان دەکەن و داوای یەکییزیی کوردبوون، لەسەر بناغەی نژادییبوون(ئێثنیسیتیی کوردبوون) دەکەن.

بە ئەوەی نیشتمانیی لە ئاستی دەوڵەتی عەراقدا، بییر بکەینەوە، پێویستە واز لە هەیجانی نەتەوەیی قەدبە، وەاتبە و ئیقلیمگییر بهێنین، واز لەو پانکوردیستییە بهێنین کە باشوور و باکوور، ڕژهەڵات و ڕۆژئاوای بە پرگالی کورداێتیی، لە عەقییەتی خەیدا، ڕەنگدەڕژ کردووە، بەڵکو دەبە واز لەو پانکوردیزمە بهێنرێت کە کورد، وەکو نەتەوەیکی هەمجینیس(چوونیەک- موتەجانیس) کە

شوناسەکی گشتگیری نەتەوەیی-نەژادیی- کولتووریی و زمانیی هەیە، تەفسیر و تەئویل دەکات. کوردی کوردستانەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا هەن، بە واتایەکی تر، عەقڵانییەتی سیاسیی دەبە بدرێ بەسەر عەقڵییەتی شیعریی و خورافیی شیینوشپەکردندا، کوردی باشوور و باکوور، بە ناو شیعرەکانی پەشۆ و بەندبژێرە سیاسییەکانی سەنگاویی و چەتووک تەقاندنەکانی کۆسیی ...تاد، بەکەک دەن، بە بازاڕی ئەوانە بەکەک دەت لە ئاستی لەکاییدا کە خەیان بە پەکەکە دەزانن و هەشتا، کوردایەتیی، دەکەن.

لەمڕووی ماددی سایی رابردووە، بە ڕەگەرتن لەوی کوردی عێراق، تەکەیی دەوڵەتی عێراق ببەت، هەمیشە درێی ئەوە کراوە کە کورد هەموو ڕەگێکی لە گییراوە، بۆیە پەنای بە چەک بردووە؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە لە سەردەمی شێخ مەحمودەوە کە مورتەزیقەی عوثمانییەکان، دواتر ئیتیحاد و تەرەقیی و کەمالیزم بوو، تا عەمالەتە ئیقلیمییەکەی ئێلول و شەشی گوەان و شەشی نوە، سەرجەم قیادەی ئەم حەرەکە کوردییە(بارزانیی باوک و کوە و کوەزا، تاڵەبانیی و نەوشیروان موصتەفا...تاد)، مورتەزیقەی ئیقلیمیی بوونە و کاریان، لە کوردستانی عێراقدا، تەخریب بووە و هانی دەندییەکانی صەدام حوسێنیشیان داوە کە قەتوعامی خەکی مەدەنیی، باشتر بکات، بە ئەوەی ئەمان دەستکەوتی باشتریان هەبەت(ئاخ بە هەڵەبجەیەکی تر، یەکەک لەو هیوایەتانەی کوردایەتیی). ئێستا، بە ئەوەی دەستەجەمعیی نەژادیی و نەتەوەیی وەکو سەردەمی تەمەودەکانی شێخ مەحمود شەشی ئێلول و دروستبوونی یەکەتیی نیشتمانیی، مەبەستایز بکرێ دژی دەوڵەتی عێراقی ئێستا، لە لایەن نوخبەیەکی نەژادیی و نەتەوەیی ئەوروپانشیینەوە، پەنا بە گوتاری یەکەییزیی و دەستەجەمعیی کوردیی، لەژێر ناوی کوردبووندا، دەبرەت.

دیارە ئەم کوردبوون و هاوکارییە دەستەجەمعییە، لەم سانەی دواییدا لەناو یەتەپیاکانی کوردایەتییدا، بە حەماقەتکی سیاسیی تر گەداوە کە ناوی "یەکەییزیی"ان لە ناوە. لە واقیعشدا یەکەییزیی نەبەکانی (ئیشرافزادە) کورد، بە تایبەتییش ئەو سیاسییانەی لە پاڵ کوردایەتییدا، بوونە بە میلیاردێر، نەک هاوکاریی دەستەجەمعیی لە دروست نابەت، بەکو زەمەن، زێر درەنگ کەووە لەم دونیا جەنجاڵدا کە مرۆڤی کورد، وزەی سیاسیی، فیکریی و کولتووریی خەی لە خورافاتی دەستەجەمعیی و یەکەییزییدا خەرج بکات. وەای ئەوەی کوردایەتیی، هەر لە ئێستای کوردستانی عێراقدا، نەک دوو ئیدارەیی و دوو طەریقەتییە، بەکو ئەوانەی سووکانی ئەم ناسیۆنالیزمە

تیجاییە پ قازانجیان بە دستوەیە لە هولێر، لگ شریکە دزکانیان لە یکێتیی(سلمانیی)، تا دت سلمانیی، گرمیان و ناوچکانی کرکوک و راپیین، زلیلتر دکن. بە واتایکی تر، دوو طریقەت(نقشیی و قادرییکە) خیان دستجمعییان بس لە دزیی و راووتدا هیە، بام ئینسانی کوردیان زلیل، کردووە. کمک نووسری مغز فاشیی کوردیش، دن ئم عوقدە نژادییە بوە پاساو ددنوە کە ئینسانی کورد، دبە کوبریائو عیزتی نفسی هبە لبرامبر عرب و شیعەی عراقدا و بهر نرخ بووە دبە دست بە قوارەی دزکانی هرم و دروازە سنووریکان و ملفی نوتوە بگرین و تسلیمی حکومتی فیدرالیان نکین و کاظمیی بر نفرتی کوردبوون، بدین و دستجمعیی خمان، بپارزین؟

Liah Greenfeld. Cambridge: Harvard University Press, 1992

ئمەی سرەوە، بشی دووەم لە زنجیرە وتاری "کوردبوون و کوردایتیی، چشتی مجوری نوخبە نژادییەکان"

لە بشی سیەمدا، باسی پکهاتە کمایتییەکانی کوردبوون و ئثنۆسنتریزمی کوردیی، دکرت.

زمان لە پگەیاندنوە هەتا تگەیاندن! … برایم فەشی

گەر مرۆڤ، خاوەنی زمان نەبوایە، لە دارستان و ئەشکەوتەکان دەرباز نەدەبوو! پشکەوتنی مرۆڤ و جیهان، بوونی فەرهەنگ و کەمەگا، گردراوی بوونی زمانە. مرۆڤ بە بێ زمان، بدەستهاتە و دستهاتی لە مشک و زماندا کە بووتوە! کمەگای ئینسانی بێ بێ زمان، کمەکمەی زیندوەرانە و هیچی تر!
هەموو زیندەوەرانی سەر گی زەوی جەستە و مشک و چەشنک زمان بێ پوەندیگرتن لە گەڵ یەکتریان هەبووە و هەیە، بەڵام ئەوان خاوەنی ئەو چەشنە لە زمان و مشک نەبوون، کە بتوانن خیان بپارزن و ژیانیان بەرەو گران بڕن. وەک داینasaرەکان کە مەزنترین زیندەوەری سەر وشکانی بوون. ئەوان و بژمار باندە و پەلەوەر و

ئاژەڵ و زیندەوەر لە ناوچوون، لە بەر نەبوونی ئیمکانی بیرکردنەوە، تاقیکردنەوە و دەربڕین لە ڕۆگای زمان! مرۆڤ گەر ئەو ئیمکانەی نەبایە، بە جەستەی بچکۆلانەیەوە، بەر لە داینامۆرەکان لە ناو دەچوو.
لەناوبردنی زمانی هەر زیندەوەرێک، کارەساتێکی بەردەوامە لە ژیانی زیندەوەرەکە. مرۆڤ کە نەتوانێ بە زمانی دایکی خۆی، بیرو هزر و هەست و تێگەیشتنی خۆی بهێنێتە سەر زمان، ئەو مرۆڤە لە زاتی سرووشتی خۆی دادەبڕێ و تا کۆتایی ژیان لە گەڵ کەسایەتی سرووشتی خۆی جووت نابێت. زمان پێناسەی کەسایەتی و هۆی سەرهەڵدانی کەسایەتییە. بوون بە مانای ئینسانی بیرکەرەوە، گرێدراوی بوونی زمانە!
مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاد لە سەد ساڵە، بە هۆی سیستەمی فەرکردن و بارهێنان، مێدیایی زاڵ، سیستەمی سیاسی-حکوومەتی- ئیداریی و داسەپاندنی زمانێکی تر، دوور لە سرووشتی کەسایەتی خۆی، دوور لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆی، بۆ مەبەستی دوور لە ویست و بەرژەوەندی خۆی و نیشتمانەکەی، بارهێندراوە و بۆ مەبەستی دژخوازی نەتەوەیەکی تر ئادابتە کراوە، گۆڕدراوە و تێکدراوە.
مرۆڤی کورد لە ڕۆگای زمانێکی تر، کە هەنگدانەوەی کەسایەتی و فەرهەنگ و مێژوو و خوو هەفتاری کەمەڵە کەسێکی تڕە، لە گەڵ خۆی و زمانێکی بێگانە کراوە. کەم نیین ئەو کوردانەی لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو ژیانیاندا، ئەو پێویستییە نابینن بۆ زمانی خۆیان بنووسن، بخوێننەوە و بیروهزر و تێگەیشتنیان لە ڕۆگای زمانی خۆیانەوە دەربڕن. گەلێکی زۆر لە کارمەندان لە سەر هەتا خوار، دەرسوێژی فەرگۆ و زانستگا، هونەرمەند، پسپۆڕی بوارەکان، خوێندن و نووسینی زمانی خۆیان نازانن و هەست بوونی ناکەن، کەمایەسیێکی زمانی و کەسایەتیان هەیە. زۆرن ئەو کەسانەی کە "زمان" تەنیا لە وشە و هێستدا دەبینن و گەر گۆڕدرا و زمانێکی تر لە جێگای داندرا بۆ یان ئاسایی.
کەم نیین ئەو کەسانەی کە پێیانوایە زمانی دایکی ئەوان، زمانی هونەر و زانست و سیاسەت و پسپۆڕی نیە، هەر بۆیە زمانی دووهەم و سێهەم بۆ قۆرز وەردەگرن و جێی زمانی خۆیانی پێ پڕ دەکەنەوە. ئەم پرسیێ قووڵایی ئاسیمیلاسیۆن بۆ دەستی کورد خۆی دەردەخات. ئەو موهەندیس و دوکتور و پرۆفیسۆر و شارەزا و هونەرمەندەی بێگانە لە خۆی، بێگانە لە هەست و سرووشتی خۆی دەبڕێتە پێژڕی زمان و فەرهەنگ و زانست و شارستانیەت و شانازی ئەو میللەت و کیانەی، کە ئەوی تووانەتەوە و کەسایەتی لە زەوت کردووە، دەبە لە تەنیایی خۆیدا چ

وەامەک بداتەوە کە ناتوانێ هەست و بیر وهزری خۆی لە زمانی خۆیدا هەڵبژێرێ؟!
نووسەری ئەم دێڕانە وەک شانۆداگرگ و داڕێژەری سیستەمی فەربوون و فێرکار، زیاتر لە سی ساڵە ئەم دیاردەیە لە ناو منداڵ و لاوان و بنەماڵەکانیان سەیر دەکات و لایەنەکانی زیانمەندی دیاردەکە لە پرسەی فێربوون تاوتێ دەکات و لایەنەکانی زانستی لە پراکتیکدا لە ناو میللەتانی هەمەڕەنگی چوارقوژنەی جیهان، کە لە ئاڵمان دەژیین هەڵدەسەنگێنێ. بە ئەرخایەنی دەسەلمێندرێ، ئەو منداڵانەی بە هەر هۆیەک لە فێربوونی زمانی دایک، لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک، بێ بەری دەکرێن، تووشی کێشە لە پرسەی فێربوونی زمان، تووشی کیشە لە خێ دەرخستن لە ڕێگای زمان، تووشی کێشە لە پێوەندی کۆمەڵایەتی، تووشی کێشە لە گەڵ خۆیان و هەست و بیروتێگەیشتنیان دەبن. زمانی دووهەم و سێهەم و چەندەم هیچکات جێگای هەمەلایەنی زمانی دایک ناگرنەوە، نە لە ڕووی دەرەوە، نە لە ڕووی ناو و دەروونەوە!
لە حاڵەتی دابڕان لە پرسەی زمانی دایک، ئەو لایەنە دەروونییە، مرۆڤ تووشی زیانی جیددی دەکات، بە بێ ئەوەی مرۆڤەکە هەست بەو نوقسانە دەروونیە بکات. ئەو دایک و باب و بنەماڵانەی خۆیان دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ فێری زمانی فارسی ببن لە جیاتی زمانی دایک، زیان بە منداڵەکەیان دەگەینن. حکوومەتی ڕەزاشا و کەسانی وەک محەممەد عەلی فرووغی و سیستەمی شاهەنشاهی و سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی و موستەشارەکانی کوردی بوارەکانی فەرهەنگ، هونەر، زانست، فێرکاریی لە دەرێژەی 100 ساڵی ڕابووردو، زیانی دەروونیان بە کەسایەتی، فەرهەنگی و ئینسانی مرۆڤی کورد گەیاندووە، کە ئێستاش بەردەوامە.
ئەوەی زمان یاساخ بکرێ، گوتن، نووسین، خوێندنەوە بەم زمان و ئەو زمان، لێرە و لەوێ بڕبڕست بکرێ، کەس و کەسان تاوانبار بکرێن لە بەر ئاوەڵی زمانی دایکی خۆیان فێربوون، یان فێر دەکەن، لە مەشکی مرۆڤی تەندروستدا ناگونجێ، لە مەشکی مرۆڤی ئاسایی، پایبەند بە مافی ئینسان و لە پلاتفۆرم و قانوونی هیچ وڵاتێکی ئەمڕۆی سەر گۆی زەمین کە پایبەند بە ئەخلاق و پەنسیپی ئینسانی بن، ناگونجێ!
زمان یاساخ کردن، تەنگ وچەڵەمە سازکردن لە سەر ڕێگای گەشەی زمان، تێگەیشتنی ئەوڕۆیی نییە! ئەوانەی زمان و بوونی کەسان و نەتەوەی جگە لە خۆیان، ناڕەسمی، کەم نرخ، بێبایەخ سەیر دەکەن و سەرەڕۆیانە زمانی میللەتانی تر بە زاراوە و بن زاراوەی زمانی خۆیان، لە ڕێگای درێ و چەواشەکاری لە قەڵەم دەدەن و بەرگی درێینی زانستی بە بەردا دەکەن، بە پێی یاسا و ڕێسای باوەڕکراو، لە ڕیزی تاوانباران، دەژمێردرێن!

ئەمڕۆ بە دەگمەن وشەت لە جیهان هەیە، پشت ئەستوور بە قانوون و ڕسای هەسمی وشەکەی، فەرمانی زیندانیکردنی مرۆڤ، بە تاوانی فڕکردنی زمانی دایک دەربکات، جگە لە یەک وشە. لەم وشەتە بە ناوی خودا و ئیسلام دەست دەبڕن، ژن بە زیندوویی لە چاڵ دەنێنن، خەڵک لە سەر شەقام هەڵدەواسن، ئینسان لە چیا و شاخەکان بار لە کۆڵ هاو دەکەن. ئەم وشەتە، هەمان وشەتە کە شارەکانی یەنانی ئاگردەدا، هەمان وشەتە کە چاوی ئینسانی دەردێنا و مرۆڤی بە زیندووی کەوڵ دەکرد و قورقوشمی داخی لە گڕووی نیارانی خۆی دەکرد. ئێوان لە کۆتیبەی کۆنەکانیان، باسیان لە هۆشت و ئاکاری خۆیان دژ بەوانی تر کردووە و ئەم هاباووردوی خۆیان بە شارستانیەتی چەند هەزار ساڵە بە خەڵکی جیهان فرۆشتووە!
ئەوان پێ بە مێژوویان ئاکاری نامرۆڤانەیان دژ بە مرۆڤی کورد و وشەتەکەی ئەنجام داوە. ویستوویانە و دەیانەوێ ئەو نەتەوەیە لە ناوخۆیاندا بتاوێننەوە، یان لە ناوی بەرن. ئەوان توانیان کورد بەرەو ئێرانی بوون بکێشن، کە خۆ دیتنەوەیە لە ناو زمان و فەرهەنگ و مێژوو و کیانی فارس. کورد هەیە خۆی مێژووی خۆی چەواشەکارانە نووسیوەتەوە، خۆی بە ئێرانی هەسێن بەوان فرۆشتووە، خۆی منداڵەکەی خۆی ئاسیمیلە کردووە!
لەم وشەتە حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن و ئاڵترناتیڤەکان، بە یەک زمان، بە یەک فەرهەنگ و بە پێی یەک ئیدئۆلۆژی دەدوێن، ئیدئۆلۆژی یەک هەچڵەک، یەک خودا، یەک ئایین، یەک وشات، یەک نەتەوە. چ ئەو کەسەی پەت دەخاتە ملی حەبسکراو، چ ئەو کەسەی حکووم بە زیندان و ئیعدام دەردەکات، چ ئەوەی بە ناوی زانست هاواری نەمانی ئەوانی تر دەکا و چ ئەوانەی بە ناوی هونەر و فەرهەنگ خۆیان بادەدێن. هەموو بە یەک زمان دەدوێن، زمانی تووانەوەی ئەوانی تر! ئەوان لە هەموشتێکی نوێ و کۆنی جیهان کەڵک وەردەگرن، بێ ئەوەی نەگۆڕ و ناشارستانی و نادەموکرات بمێنن. ئەوان لە هەر بەرگ و جامێکدا، بە هەگای باپیرانیاندا دەڕۆن!
وەرگرتنی زمان لە ئینسان بە هەر شێوەیەک و بە ناوی هەر ئایین و ئیدئۆلۆژی و لەژێر هەر تێگەیشتن و بۆبیانویەک، جنایەتە و بە پێی یاسا و هەسای سەردەم لە ژێرپێنانی مافی بنەڕەتی مرۆڤە. حکوومەتی ئیسلامی کە زیاتر لە چل ساڵە بە ناوی خودا و ئایین موژدەی هزگاری ئینسان و موژدەی یەکسانی و بەرابەری نێوان موسڵمانان جاڕ دەدات، بێ ئاسایی و قانوونییە، زمانی ئینسانەکانی تر یاساخ بکات، بێ ئاساییە هەگریی لە زمان بکات. بێ ئاساییە خەڵک لە مافکانی بێ بەری بکات و لە زیندان تووندیان کات و بەرەو پەتی سێدارەیان بەرێت؟

حکوومەتی ئیسلامی زمانی نەتەوەکانی تر بە زمان نازانێ و زمانی فارسی بە سەر خەڵکانی نێ فارسدا سەپاندووە و فێربوونی زمانی خەڵکانی تری یاساخ کردووە. دێزگای قەزا و داد و عەداڵەت، کە کراوەتە لقێک لە دێزگاکانی ئەمنیەتی و مافیا(سیاسی-نیزامی-ئابووری- ئیدئۆلۆژیک)، بە پێی فەرمانی شاراوە، بەیار لە سەر خەڵک دەردەکەن.
قازییەکانی حکوومەتی ئیسلامی، فەرکردنی زمانی کوردی، وەک دژایەتی" ئەمنیەتی نەتەوەیی" خەیان دەبینن و حووکمی دە ساڵ زیندان دەردەکەن، هەر وەک چۆن دە ساڵ زندانیان بە تاوانی پارێزگاریی لە "مافی مرۆڤ" بە سەر سەدیق کەبوودوەندا داسەپاند، هەر وەک چۆن حکوومی سەدارەیان بە سەر فەرزادی دەرسوێزدا داسەپاند، هەروەک چۆن لە درێژەی حکوومەتیان هەزاران هەزار کەسیان بە سووچ، بە بیانووی "تهدید ملی، مفسد سەر ئەرز" لە ژیان بە بەش کرد.
ئەم تێگەیشتنە فێربوونی زمانی کوردی و کوردبوون بە "تهدید" دژ بە کیانی خەی دەزانێ. گەر منداڵی کورد داوای مافی خەی بکات، خۆپیستی بە دار و شاخ و بەردی وەاتەکەی بنوێنێ، حکوومەت و دێزگاکانی ئەمنیەتی و سیخوری و داد، بە "تهدید" دژ بە خەیان وەری دەگرن و لە کاتاڵگی ئەواندا منداڵی کورد ئەو کاتە ئازیز دەبێت، کەخۆپیستی و داوا لە خەیدا بکوژێ و خەی لەوان و زمان و مێژوو و کیانیاندا ببینێتەوە!
سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرەتا هەتا بەمڕۆ، تووانندنەوەی فیزیکی و گۆڕینی ناسنامێ و پەروەردەکردن و بە ئەرانیکردنی کورد لە کوردستان بووە. بە بەمباران، وێرانکردن، ئاونان، چۆڵکردنی گوندەکان، کووشتن، مەحروومکردن دەستیان پێکرد و لە هەمان کات بەشکی بەرچاو لە خەڵکی کوردیان بە لای خەیان ڕاکێشا و لە ژێر سایەی خەیاندا پەروەردە و پەروار کران. ئەو کەسانە و منداڵ و نەوەکانیان، لە درێژدا بوون بە دەست و چاو و گوێ و تەنانەت سەری حکوومەت لە کوردستان و ناو سیستەم. بەشکی زەر لەو کەسانە دەور و ڕێی خەیان لە هەموو ئاست و لە هەر بوارێکدا دەگێڕن و لە ناو و دەرەوەی حکوومەت کورسی و شوێنی خەیان هەیە. هەندێک لەوانە وەک سەردەمی ڕەزاشا دەوری تۆپریسین دەگێڕن و لە هەمان کات بە شارەزایی تەواو کاری ڕێکخستن ئەنجام دەدەن، ئەم کەسانە لە ناو کورد لە دەرەمانەوە لە بەرگی جیاوازدا هەبوون، جار ناسراون و جار نەناسراو ماونەتەوە!
لە تێڕی، تێگەیشتن، سیاسەت و بەرنامەی حکوومەتی ئیسلامی-دا، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، گەشەساندن و گەشپێدان، پێشکەوتنی خەڵک و وکەمڕێگا و هەر وەها بە ڕێسمی ناسینی نەتەوەیێک بە ناوی کورد،

جێگای نەبەتەوە و بۆ پڕی هەموو بەڕێزان، بەرنامەی ئامار و کردەوەیان، کۆلێکتیوێک بە ناوی کوردستان کە چەند"ئوستان" لە خۆدەگرێ، بە عەمد و بۆ پڕی پلان دەسمیەتی نەبووە. دەیان نموونە هەیە کە بودجە، پڕۆژە بە ناوی ئوستانەکانی کوردنشین وەرگیراوە و لە دەرەوەی کوردستان جێبەجێ کراوە. بوودجەی ساڵانە و پێنجساڵانەی هەموو ئوستانەکانی کوردنشین لە هیچ بوارێکی سەنعەتی، کەمایەتی، ئاموزشی، فەرهەنگی، هونەریی، عومرانی، بنیاتنان، ئابووریی، لە گەڵ ئوستانگەلێک وەک ئیسفەهان، فارس، خوراسان، تاران، ئازربایجانی ڕۆژهەڵات بەراوەرد ناکرێ. گەلێک لەو پرۆژانەی کە لە بواری فەرهەنگ، زمان، هونەر لە لایەن موستەشارەکانی هەماهەنگی حکوومەت لە کوردستان بە ناوی نوێنەر، ئوستاندار و فەرماندار و شاردار و شوڕا و ریسی فەان شوێن و فەانە ناوەند و شیرکەت و دامودەزگا و تاکە کەس لە ماوەی چل و یەکساڵ پروپاگەندەیان بۆ کراوە، یان هیچکات تەواو نەبوون، یان هەر لە سەرەتاوە پرۆژەکە لە سەر کاغەز بووە، وێنەی لەو چەشنە لە نەوان زانستگای کوردستان و ئوستانداری کوردستان لە ساڵانی پێشوو هەبووە، هەروەها زانستگاکانی شارەکانی کوردنشینی ئازربایجانی ڕۆژاوا، کرماشان و ئیلام تەکەی مامەاتی لەو چەشنە بوون.

حکوومەتی ئیسلامی سەرجەم دەزگای تەبلیغاتی، مەدیا، سیستەمی"ئاموزش و پەرورش"، ئیرشاد و سەرجام دامودەزگای نیزامی و ئەمنیەتی خۆی بە کەنترۆڵی مەشک و زمان و بەلادابردن و چەواشەکاری مرۆڤی کورد بەکارهێناوە. شانۆ، سینەما، مەدیا، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەویزیۆن و هەرچی هەیە لە ژێر کەنترۆڵ دایە و هونەرمەند، نووسەر، فەرهەنگساز، پسپۆڕی ئەم بوار و ئەو بوار خەیان ناهێناوە، کە چۆن بنووسن، چۆن قسە بکەن، چۆن بەرهەمی هونەریان بۆ پڕی نەمەکانی دەزگاکانی کەنترۆڵ و سانسەر و ناوەندەکانی ئەمنیەتی جێبەجێ بکەن! لە جیاتی گۆینی بارودۆخ، بەرهەم و کەسەکان گۆدراون!

لە وڵاتێکدا کە بەرهەمی فیلم، شانۆ، کتێبی هاوردە لە دەرەوە، دوور لە هەر پێنسیپێک تێک دەدرێ، دەبێ چۆن مامۆستا لە گەڵ زمانی نەتەوەیەکی وەک کورد بکرێ، کە سەرجەم حکوومەت و دەزگاکانی لە خەیانی نازانن و بەردەوام دژ بە هەموو پێکاتەکانی بوون و پلان و بەرنامەیان لە دژی دارشتووە.

زمان کە سەرەکیترین سیمای کەسایەتی کەسەکانە، لە دەرزمانەوە ووبەووی تەنگ و چەمە بووە و بە حکوومەتی ئیسلامی دەستی پێنەکراوە، بەڵام لە حکوومەتی ئێواندا سەرەای ئیزنی چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، بەردەوام ناوچەیی مامۆستای لە گەڵ کراوە، ئەوەش

هەمان سیاستە کە لە حکوومەتی پەهلەویی بە حکوومەتی ئیسلامی بەجێ ماوە. زمانی کوردی تەنیا لە بازنەی جوغرافیای ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی گردوکێ ناکرێ و بە چەند کەس لە ژێر چاوەدێریی دەزگای ئەمنیەتی حکوومەتی ئیسلامی "چاکە" بە خێیەوە نابینێ. زمانی ٥٠ میلیۆن کورد لە کۆکی چەند کەسیدا جامەی ستاندارد ناکرێتە بەری. ئەوەی حکوومەتی ئیسلامی و حکوومەتەکانی بەر لەوان بە سەر زمانی کوردیان هێنا، ئیسلام و عەرەب بە سەر زمانی فارسیان هێنا و ٢٠٠ ساڵ نیانهێشت زمان و پێنووسیان بە فارسی بگۆڕن، ئەوان دەبوو دەرس لەو مێژووە و مێژووی خێیان وەرگرن. کارەساتە کە ئیسلام و عەرەب بەسەر ئەوانی هێنا، ئەوان بە سەر کورد و ئەوانی تریان هێنا!

ئەو ترس وەحشەتەی بە خەڵکیان ساز کردووە، ترس و وەحشەتی ناوخێیانە کە دەریدەخەن و هێدی هێدی لێیان دەبێت بە کابووس. سەڵەی بەر لە ئەوانیش تووشی ئەو کابووسە هاتن، ئەوان پێشتوون و منا ی کورد بەردەوام زێرتر لە جاری جاران بە زمانی کوردی دەنووسن و دەخوێنن. ئەمجارە ڕەی کورد بە پێنووسەکانیان لە گۆیان ووبووو دەبن. ئەوانەش کە لە ئەوە دەترسن و دەنگ هەنابێن و داوای مافی خێیان ناکەن و خێیان کلا ادەگرن، هەر وەک ئەوەن، تەوفیریان نییە.

منا انی کورد، پێویستیان بەو مامۆستایانە نییە، کە دامودەزگاکانی ئەوە، بەوانامەیان پێدەبەخشن. دەرسۆزانی زمانی کوردی بەوانامە لە دەزگاکانی ئەمنیەتی، نیزامی، ئیدئۆلۆژیک، سیخوڕیی وەرناگرن! دەزگاکانی ئەمنیەتی، سیاسی، ئیدئۆلۆژیک سەڵاحیەتی زانستییان نییە، ستاندارد بە زمانی کوردی دیاریی بکەن. مەشرووعیەت لە لای دەزگاکانی حکوومەتی ئیسلامی نییە! هەر کات زانستگای سەربەخۆ، پشت ئەستوور بە زانست، دوور لە ئیدئۆلۆژی- دەزگاکانی ئەمنیەتی- نیزامی- سیخوڕیی، سیاسی دامەزرا، دەرسۆز، بە مەیلەوە پشت بە زانستی زانستگاکان ئەبەستن.

ناوەندەکانی فەرهەنگی و دەرسۆژەکانی زمانی کوردی تاوانبار نیین، ئەوە تاوانبارن کە قانوونی دەستنووسی خۆتان ژێرپێ ناوە و ئەرکی ئەوە کەوتە ئەستێی ئەو کەس و ناوەندانە کە کاری نەکەردەی ئەوە دەکەن. زانستگا و وەزارتخانەکانی ئەوە تاوانبارن کە بە ئەرکی خێیان هەناستن و بەرد دەخەنە سەر ڕێگای ئەو کەس و ناوەندانە کە کاری نەکردەی ئەوە دەکەن. دامودەزگاکانی ئەمنیەتی و نیزامی و سیخوڕیی و ئیدئۆلۆژیک و ئایینی ئەوە تاوانبارن کە هەر جوڵێکی مرۆقی کورد لە کۆبەرەوە هەتا دەرسۆژی زمان، گرانیبێژ، نووسەر،شاعیر، پێکەرساز، کارمەند بە چاوی ئەمنیەتی سەیر دەکەن و

کوردستانتان کردەتە پادگان و مەگەی شەخوازی خەتان. ئەوە تاوانبارن کە هەر کەس جگە لە خەتان بە تاوانبار دەزانن. ئەوەن کە فەزای ئەو وەاتەتان کردەتە ئەمنیەتی و لە هەر سووچێک دەستەی گشتاپەتان بەەوەیە.
بەشکم لە زمانی ئەم نووسینە، کە زمانی کوردییە، تێبگەن!

برایم فەشی
ئاگەستی 2020

خەزگەی زیـــــخ شیعـــــر … جەلال عەبدوەا ساەح

زەر جار ویستووم شیعر نانووسم بەەام کاتێک شەو گازی لێگرتووم پەنام بردەتەو
بە لای ئەم دەلالەتی ەاستگەی شاعیرە لە گەە وشە و دنیایی نوسین، نهێنیەکە لەوەدایە
من بە پەی مامەەم و ناسیاوەم لە گەە دەقی شیعریدا بە ماوەی ٤٠ساە کەچی هەشتا
ناینناسم هەر جارەی بە جارەک خەیم پیشان ئەدات، جوانی شیعر لەودایە سنووری
نیشتمان و جیهان تەدەپەەنێت.

شیعر دەکرێت مەرگی کەرپەیەک بێت پەش لەدایک ووونی یان شەشەک بێت دژی شتە
ناشیرینییەکانی ژیان، دەکرێت تەماشاکردنی تەرمی غوربەت بێت لەسەر تەختەشەری
مەنفا، یان خەزگەیەک بێت بە دەنکەک "زیخ" کاتێک مرۆف هەشمەندانە هەست دەکات
بووەتە کاەا.

خەزگەی زیخ

شیعر {جەلال عەبدوڵا ساڵح}

تەرەنتەڵە کەنەدا

١

ئەگەر

لە "ماڵ"ی ئاوەدانی

دەنکێک "زیخ" دەبووم

'پیاو'ێک

وەک سەبری 'برا'کەم

بە "تفەنگ'ی تۆوە

دووام نەدەکەوت

جانتاکەم پەنەدەبوو

لە 'قالەنچە'ی 'غەریب'ی

ڕۆژی دەجار

لە بەردەم

'گوێ'ی 'ژن'ێکدا

نەدەنووشتامەوە

بە تەزێک پێکەنین

بە مشتێک دەنەوایی

٢

ئەگەر "چەو"ێکی

ڕەنگ خۆڕەمشی دەبووم

هەموو ڕۆژێک

خەمی باخچەم نەدەبوو

نەمدەوت:

ڕەحانە

بە بەنی ناخۆشە؟

بە شەو بە تریفە"

میوانی دەبەرە؟

بە دەبەت

بە پەیژەی "مەنفا"دا

سەرکەوم

تا قەپێک

لە سەوی

"ئادەم"ی

شڕ بگرم

٣

ئەگەر" زیخ"ی

ناو باوەشی
چەمەک دەبووم
نەمدەناسی
"تفەنگ"ی مەرگی کەترەکان
نەدەبوومە هاوبەشی
"جەنگ"ی
"مرۆڤ"ە گەشتخەرەکان
کەسان بە کەسان
'سەگ'ی حیزب
دوام نەدەکەوت
بەنی نەدەکردم
لە بەردم کەلاوەی ژیان دا
"ەو"ی
مەزهەب
ع
ئەگەر
لە کەناری چەمەک
دەنکەک زیخ دەبووم
"ئاین"ی
بە دیاری نەدەکردم
"باوک"م
نووشتە"ی " فە"ی
هەنەدەواسی
بە شانی تەمەنم دا
"دایک"م
نەیدەیخستمە گەوە
"دەست"ی جەلادی باەندە
نەدەگریام
بەلای باخی سووتاوی
گوندەکەم و
درەختی مەژووی
'شەهید'ەوە
هەمنەدەمژی
ژەهری "شار"ی باپیرم
لەبەرچاوم دا
سەریان نەدەبەی
بە شمشەری ئایەت

تاوسی
" زەردەشت"م
٥
ئەگەر دەنکەک "زیخ"ی
ئەسمەر بووما یە
لەسەر پشتی گیانەک
قاقا پێدەکەنیم
بە پشتی کووی
"با"ی لێکەوت
مژدەی ژیانەوەی ئاوی
بە دەهێنام
باران
کراسی ئاسوودەیم
لە بەر دەکرد
لەگەڵ گەرانی هەتاو
دەچووم بە شایی
چەو و لم
٦
ئەگەر "زیخ"ی
ناو "تاق"ی
کەنارەک دەبووم
نە هێزی کارم دەناسی
نە حەپەحەپی
خاوەن گارگە
نە هەشمەندیم
دەبەخشی بە پارە
نە دەبووم هاوڕێی
"سەگ"ی مەنفا
چارەنووسم نەدەبووە
کەفی دەمی سەگە
کاتێک
لە خاوەنەکەی دەوێ
٧
ئاخ ئەگەر "زیخ"ی
ناو 'حەوز'ی باخ دەبووم
نە چاوی
پە لە فرمێسک و

نێ برینی پشتی
‘دڵ’کم دەبینی
نێ گوم لێ ‘مەچەڵ’ی
‘دەم’ی تووتنەکانی دەبوو
نێ پەیان دەوتم:
باخەوان
باروت دەخاتە
ناو میوەوە
دەرخواردی
‘ورچ ‘ی
دووگیانی ئەدات
٨
ئەگەر “زیخ” ی
ناو “دە”ی
دەریا دەبووم
ئەوکاتە
دایکم
کتێبی گەڵای
بەرزنەدەکردەوە لەم
لەزەت لێ میووەی
باخ نەبینم
براکانم
نەیاندەخستە
سەر پشتی ‘با’ی ئاژگار
لە تەنەکەی “دڕ” یان نەئەدا
لە ناو شاری گەڕیی دا
مناڵەکانی عەشیرەتم
نیشتمانیان ‘نەدەفرۆشت’
بە پەکەنینەکی
” گەڕانە”ی
ئاخوون
“هاوڵە”کانم
لە گەڵەکی بیرەوەری دا
نەدەگریان
بەدوای تەرمی غەریبیم دا
٩
ئەگەر “زیخ”ی

ناو دی ئەقیانووس دەبووم
ئەوکاتانەی بەتاقەتی
گەوجی دەکردم
دەستم دەکردە ملی
"لم"ی هاوەم
ئەواران کاتێک شنەبا
ماچی باڵندەکانی دەکرد
سەردانی
'کچ'ی 'چەو'م دەکرد
هەواڵی
باڵی شکاوی
شەپۆلم
دەدەپرسی
دەچووم بۆ گەڕەکی قەوزە
گەڵم دەگرت
لە گەرانی بێق
یاریم بە "سمێل"ی
مەشوولە دەکرد
خەم هەڵئەدایە
سەر پشتی کیسەڵی پیر
لەم کەنارەوە دەیبردم
بۆ ئەوبەری قەراغ چەم
لەسەر بڕی قرژاڵ
دادەنیشم
تا بمگەیەنێتە
بنی ئەقیانووس
بۆئەوەی تەماشای
شایی
"کیسەڵ" ی پیر بکەم
دەچووم بۆ ئاهەنگی ماسی
هەڵدەپەڕیم
لەگەڵ قرژاڵی حەوت سەر
بە "حووت"م دەوت:
بمهاڵ
قووتم بدە
تۆ لە مرۆڤ جوانتریت
"چێک" ت نییە بمکوژیت!

ژمارە ٦ی رۆژنامەی هاوت

بۆ خوێندنەوەی ژمارە ٦ی رۆژنامەی هاوت ... کلیکی ئێرە بکەن ...



لوبنان دوای تەقینەوە گەورەکەی بەیروت ... محمد باپیر

دوای تەقینەوە گەورەکە، تەعتبارکردنی وڵاتان و حیزبەکانی لکەوتوو، بەتایبەت تەعتبارکردنی حیزبوڵا لە لایەن بەشکی زۆری هاووڵاتیاتی بەیروت، کە فرێ ئاینن، هاوکات شەش وڵاتی عەرەبی داوایانکرد کە گەمارۆی چەک لەسەر ئیران تووندتر بکرێت.
دواجار خەڵکی لوبنان خۆپیشاندیان ئەنجمدا و سەرۆک وەزیران دەستی لە کار کێشایەوە.
قسە گەورەکە ئەوەیە، ئایا فەرەنسا هەوەست و خەمخۆریکەی بە لوبنان و هاووڵاتیانی لوبنان چی دەبێت، کە لە هەمان کاژ نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند، لوبنان کە پێشتر لەژێر دەستی فەرەنسا بوو، لەدوای خۆی کاریگەری و کەلتورکی لەدوایخۆی بەجێ هێشتبوو، کە بەیروت پایتەختی پێکەوە ژیان و نەش و نمای پێشکەوتنی گەشتیاری و پەروەردە و خوێندنبێت، هاوکات گەلی عەرەبی هاوسەزی و دڵخۆشی زۆریان بە بەیروت هەیە، ئەو بەیروتەی هەگ و ئیشی لەناو نوسەر و ئەدیب و فیکرزانەکان و هونەرمەندانی عەرەبی و جیهانیدا داکوتاوە. بەیە بەیروت گرینگە و قوربانیەکان و وڕانکاریکانیشی بەهەمان شێوە گرنگن، بەتام بەهۆکاری جوگرافی ونزیکی لەگەڵ ئیسرائیل و سوریا و ئیران کاریگەریکی نەرێنی خراپی لەسەر، لە دەربارەی دەست تێوەردانی وڵاتان گواستنەوەی چەک و پلانگێڕی، هەربۆیە دورخستنەوەی دەستی ئێران و وڵاتان لە مەسەلەی لوبنان

گەورەترین هاوکارییە بۆ گەلی لوبنان کە بەبێ مەترسی بژیتن، چارەسەری سیاسی بریتیە فەدانی چەکە لەلایان حیزبوئەللا و گروپە تیندەوەکان، هاوکات باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی لوبنانە کە ماوەیەکی زۆرە خەپیشاندانی بەردەوامیان هەیە.
گەلی لوبنان و پایتەخت کە بەیروت، وشیارییەکی زۆر باشیان هەیە لە هەموو ویلایەتەکانی تر، ئەوش پەیوەندی بە گەشتیاری و تەکنەلۆژیا و ئاینەکان و کەلتورەکانە، ئەوش خاڵکی گرنگە کە دوبارە لوبنان خەی ڕزگاربکات لەدەست کەمەک فاکتەری نەرێنی کە ژیانی هاوڵاتیان لەمەترسیدابێت، ئەو وشیارە لە بچوکترین شتبوو کە شاریان پیس ببوو لەبەر پاشماوەکان خەپیشانیانکرد، یاخود کاتێک لە پەگرامی خوێندن گرانیبێژ (فیرز) لە پەگرامی خوێندن هیندرایە دەرەوە، ئەوا خانیشاندان و ناڕازایی هەبوو، ئێستاشی لەگەڵبێت بەیرووت تەکۆشانی بۆ ئازادی و تاک سەروەری و ڕەتکردنەوەی دەستبەسەری بەردەوامە.
دەکرێت بە هاوکاری فەڕانسا و وشیاری خەڵکی بەیرووت و کەمەک خەمخۆری وڵاتانی عەرەبی، لوبنان لەناو کەمەک قەیرانی ترس و تەقینەوە و دەستبەسەرداگرتنی لەلایان هێندێک گرووپی لاساری بەکرێگیراو ڕزگار بکرێت و لوبنان بگەڕێتەوە بۆ ڕێڕەوێک، بەڵام ئەو پارچانەی لوبنان کە دابەش بوونە بەسەر کەمەک لایەن و کەس دووبارە پاکبکرێنەوە، کە ئەوش پێویستی بە بڕدارێکردنی نێودەیە کگرتوەکان و خەڵکی ڕاسەن و ڕەشنبیری لوبنان دەکرێت.

محمد باپیر چاودێری سیاسی

پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار لە کورتە چیرۆکی "نەنکم (کەتان)" ی جەلال

قادر داعی بدوا سلمان (مشخص)

دق و لکینەوە

دقی چیرۆکەکە

نانکم (کەتان)

لەسەرەتای ساڵانی حەفتەکان منداڵێکی بچکۆلانە بووم، لەگەڵ براو خوشکەکانم لە خانوویەکی بە خشت دروستکراو لە گەڕەکێکی هەژارنشینی پێ لە قوڕوچلپاو دژیاین . نانکم (کەتان)ش کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندەکانی دەکرد، بە تانەکە و خشت وکەرتە بلەک ژوورێکی لە گەشەیکی خانوەکەمان دروست کردبوو.
لە سەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسێکم بێزار دەکرد ، لەبیرمە نانکم لە گیرفانی سەتڵەکەی شیرینیەکی دەردەکرد و پێیدەدام ، دەیگوت : دەمت داخە چیتر پرسیار مەکە.
وەک لەبیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دەوڵەمەندەکان بوو . دەمگوت : دەبێ هەنگیان چەن بێت و منداڵەکانیان بەچی یاری کەن ؟ هەمیشەش خەیاڵم لای ئەوە بووە هەژدەک لە هەژان نانکم لەگەڵ خەی بمبات ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بانی چەشتی ناو مەنجەڵ کەم.
هەموو بەیانیانێک بەدوای نانکم (کەتان) هاتمدەکرد و دەگریام ، دەمگوت بمبە لەگەڵ خۆت. تا هەژدەکیان دەی نەرمبوو پێکەوە سواری (تەمسەکانی) شار بووین، چووین بۆ گەڕەکی (عەرەفە) کە کەوتۆتە قەراخ بیرێ نەوتەکانی شارەکەم .
نانکم ژنێکی قەڵەو و بەخێ بوو کاتێ هاتمدەکرد ئەژنەکانی ئازاریدەدا ، من لەبەردەمی هەبەزەهەبەز هاتمدەکرد و دەمەوانییە ئەو لقە دارانەی کە سەو و پرتەقاڵەکانیان بەسەر دیواری دەرەوەی ماڵەکان شکاندبوونەوە.
وتم : نانە ئەرێ بەهەشتێ ؟

- ئەی پەنەگەی …پەمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە!
- نانە دایکم پێیگوتم بەهەشت پێ لە سەو و پرتەقاڵە!
  نانکم وەڵامی نەدامەوە ..بەس من و براکانم ئەو خواردنانەی نانکم بە مانی دەهێنایەوە ناومان نابوو (خواردنەکانی بەهەشت) ..چونکە لەماڵی ئێمە بە مانگیش بانی گەشتمان نە

دەکرد، بە ساڵیش جل و بەرگی جوانمان نەدەپشی. جژن بەجژن باوکم لە توانای بوو پارە کە بکاتەوە و کراسکی نوێ بۆ برا و خوشکەکانم بکڕێ. من نیگبەت بووم هەرچی کراسی برا گەورەکەم هەبوو بیان هەڵدەگرتم و دەبوایە لەبەری بکەم. خوا خێری نەنکم (کەتان) بنووسێ جار جار کراسی ڕەنگینی بۆ دەهێنام .
لەبەردەم دەرگایەکی مەزن ڕاوەستاین نەنکم شارەزا بوو دەستی بە دوگمەیەکەوە نا دەرگا کرایەوە. یەکەم جارمبوو چاوم بە حەوشە و باخچەیەکی وا فراوان بکەوێت. چوار ئەوندەی ماڵی ئێمە دەبوو وتم : نەنە بە دەرگاکەیان ئەوندە گەورەیە ؟ وتی : کوڕم ئەوە ئەتەمبیلی پێ دەتە ژوورێ !
لە باخچەکەیان جۆلانەیەک دانرابوو بەپەلە ڕامکرد تا سواری جۆلانەکە بم کەچی پێم لە فریزی باخچەکە خزا و بەسەردەم کەوتم . خەریک بوو بگریم، کاتێ نەنکم بینی پشیمان بوومەوە گوتم گەر بەزاری کەم جارێکیتر نامهێنتەوە بۆ ئێم بەهشتێ !
نەنکم وتی : کوڕم پێێ مەکە ئێمە تا ئێوارێ لێرەین .
ئێمە تەنیا ڕۆژانی جژن دەچووین بۆ سەیران و سواری جۆلانە دارینەکان دەبووین، کەچی لێم ماڵێ هەموو ڕۆژێک سەیرانە. بۆیە گوتم ئەگەر بگەڕێمەوە ماڵ بەدایکم دەڵێم با فڕۆکەیەکو خوا ئێمەش بنێرێ بۆ بەهشت. بۆ خۆیاڵێش نەوەستام دەمگوت منداڵانی گەڕەکیش فڕۆکەیان هەبێت و تێربن لە خواردن و میوە خۆشکانی بەهشت !.
نەنکم بینی دەستی کرد بە گیرفانی سەرتەکی و کلیلێکی بچکۆلانەی زەردی دەرهێنا و دەرگای ژووری ماڵەکی کردەوە و چووە ژوور ..منیش جۆلانەکەم بەجێهێشت و بەدوای نەنکم خەم کرد بۆ ژوورا .
ناو ماڵەکە هێلێکی فراوانی لێبوو، لەناوەڕاستیدا مێزێکی دار ساجی درێژ و پان، شەش کورسی بەدەور دانرابوو. بۆ نەنکم وت : نەنە ئێم ماڵە لێرە دادەنیشن و نان دەخۆن و دەنوون؟
وتی : نا کوڕم ، لێرە نان دەخۆن ، ژووری نوستنیان جیایە!.
لە ژێر پەنجەرەی چێشتخانەکە مەخسەلێیکم بینی چەند پەرداخێکی شووشەیی گوڵداری لەسەر بوو . نەنکم دەستیکرد بە شەرینی پەرداخەکان ، منیش لە پەنجەرەکەوە دەمتوانی کەپرێک ببینم بۆ بەرە تڕە داپشرابوو ، مێزوکورسی قەفەز داری لە

ژەرا بوو .
لە بیرمە دایکم دەچوو بە ناو زەکاو قامیشەکانی دەم خاسە هەرچی لقە قامیش و حەیزەران هەیە کەی دەکردەوە. پاشان بە پەنجەکانی پەی دەیچنی و حەسیری لە دروستدەکرد و لەسەری دادەنشتینن، سەبەتەیەکشی دروستدەکرد بە نانە ەق .
نەنکم دەرگای دەلابەکی کردەوە پە بوو لە میوە و شەربەت. ئنجا دەلکەیەک ئاوی ساردی دەرهێنا و پەرداخە ئاوی ساردی خواردەوە ..نیوەی پەرداخەکەی پە لە ئاو کرد و دایە دەستم .
منیش ئاوەکەم خواردەوە بەتام پەرداخەکە بەنکی سەیری لەوە دەهات .
ئەمە لە ماڵی خەمان بە جامی فافۆن ئاومان دەخواردەوە. لە جیاتی دەلکە شەربەیەکمان هەبووا!.
بە نەنکم وت : نەنە ئەم دەلابە سپیەیە چیە ؟
- : کۆم ئەمە سەلاجەیە ، شت بە ساردی ەادەگرە!
ئەمەش لە ماەوە لە ژەر نەردەوانەکەمان کوپەیەکمان هەبوو ئاوی بە فەنکی ەادەگرت!.
ئنجا نەنکم هەەشەی لەکردم وتی : نابەت دەست لە هیچ شتە بدەیت ..چیت ویست داوا لە من دەکەی. ئەگەر عاقەبیت دوو چوکلەتت دەدەمە .
دڵی خەشکردم ..بەچوکلەتەک دەممی شیرین کرد .
ژوور بە ژوور منی لەگەە خەی گردا ..ژووری خەوی منداەەکان پە لە بوکەلانە و جۆرەها یاری بوو.
- : نەنە من تا ئەوارە لەم ژوورە یاری دەکەم و نایەمە دەرە .
- : نا کۆم نابەت تە دەست لەو یاریانە بدەیت. ئەمانە هەمووی یاری کوەە گەورەکیانە ، دایکی بە یادگاری بەی هەەگرتوون .
بە دیواری ژوورەکە وێنەی منداەەکم بینی وتم : ئەوە نییە نەنە منداەیان هەیە .
نەنکم وتی : نا کۆم ئەوە وێنەی منداەییەتی ..ئەستا ئەم کوەەیان گەورە بووە .
- : ئەی نەنە بە ئەمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماەوە.
- : نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!
لە بیرمچوو بەەنم دابوو لەم گەشتەم دەمم داخەم. ئاخر چەن دەکرەت ئەم شتە سەیروسەمەرانە ببینم و پرسیارنەکەم !.
وێنەکە وەک لەزگە بە قەد دارەکەوە نووسا بووە، کوەەکە فانیلەیەکی شینی خەت سپی لەبەردابوو . هاتە یادم هەمان کراس بوو براکەم لەبەری کردبوو بە ەەژی جەژن . پەکەنیم ..

بەم ئاشکرا بوو کە براکەشم کەنە کراسی مالە دەوەمەندەکان لە بەر دەکات .
لە ژوورەکانیتر کەمالە وەنەی ئەندامانی خێزانەکە هەواسرابوو .. یەک وەنە سەرنجی زۆر ڕاکێشام پیاوێک بە دەرپێ قوندیەکەوە دەستی بەرز کردبووەوە ،لاموابە خاوەن مالەکە بوو. لە نەنکم پرسی : توخوا نەنە بۆزار مەبە ..پەمبەلە ئەم پیاوە لە خوا دە پاڵتەوە .
نەنکم وتی : نا کوەم ..ئەوە مەلەوانی دەکات ..نابینی دەیەوێ زەرگ بهاوێتە ناو حەوزی ئاوەکەوە !.
بەم ڕوونبوونەوە هەموو لەکدانەوەکانم هەڵەن ، چونکە من لەو تەڕوەی چاوم کردووەتەوە باوکم بینیوە دەست بەرز دەکاتەوە و لە خوا دەپاڵێتەوە !.
چوومە نهەمی خوارەوە لە ژووری دانیشتن تەلەفزیۆنەکی شاشە گەورە دانرابوو . ئەمە نەک لە مالە بەڵکو لە گەڕەکش کەس تەلەفزیۆنی نەبوو ، دەچووین بە چایخانەکان سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد .
لە پشتی تەلەفزیۆنەکە پەنجەرەیکی شەش چاوی لێبوو . ڕوانیمە دەرەوە حەوشە و باخچەیکیترم بینی کەوتبووە پشتی مالەکەوە ، ڕامکردە لای نەنکم وتم : نەنە بچمە باخچەکەی پشتەوە ؟
نەنکم وتی : دەرگای پشتەوەم لەترسی تە داخستووە نابێت بچیتە ئەو پشتە !
- : بۆ ؟
وتی : لەبەرئەوەی حەوزی مەلاوانەکە لەوێیە، تەش مەلەوانی نیت و دەخنکێی!
ڕامکردە ژوورەکانی سەرەوە لە پەنجەرەیکەوە سەیری حەوشەی پشتەوە م کرد، حەوزی مەلەوانەکە بە درەخت داپۆشرابوو ئاوەکەی نەرمە شەپۆلکی دەدا چەند گەڵا و شەکرە سەوو پرتەقاڵەکش وەک بەڵەم بە قەراخ ئاوەکەوە لەنگەریان گرتبوو و دەلەرینەوە .
تا قەدەرە بە دیار پەنجەرەکەوە وەستام، خەونم بە مەلە کردنی ناو حەوزەکەوە دەبینی .
لە ناکاو بانی خواردنەکی خۆش بەر لوتم کەوت ، خەرا دەرپەیم بەرەو چێشتخانەکە، بە تەقلە لەدان لەسەر نەردمانەکە کەوتمە خوارەوە. دەست وپەم ژان گرتی لە ترسی نەنکم فزەم نەکرد. وەک پشیلە بە ئاسپایی لە بانەکە نزیک بوومەوە .

نەنکم دیار نەبوو، منیش بەم نەبوو دەست لە هیچ بدەم ..لە هەی دانیشتنەکە نەنکم بینی ەووی لە قیبلە کردووە لەسەر هەمان بەرماڵە نوێژی دایکم، نوێژ دەکات ..دانیشتم تا لە نوێژ کردن بووەوە ..هەر کە ئاوڕی دایەوە وتم : نەنە ئەی ئەم ماڵە بەرماڵە نوێژیان نییە ؟
وتی : نا کوڕم کەس لەم ماڵە نوێژ ناکات !
لە دڵی خۆمدا وتم : کەواتە لە سەر ئەم زەویەش خوا بەهەشتەکی داناوە بەس ئەمە تا ئێستا نەماندزیوەتەوە ..ئەگەر بگەڕێمەوە گوندەک بە هاوڕێکانم دڵێم وەرن با بگوازینەوە بە گوندەکەکانی بەهەشت ، چیمان داوە لەم گوندەکە پە لە قوڕوچلپاوە .
چوومە چێشتخانەکە لەسەر کورسیەک دانیشتم ..نەنکم وتی : چاو برسی ..(قاپێک پە لە برنج و قەیسی بە دانام). دەبخە!
نانەکەم لەسەرخۆ دەخوارد بە ترس لە براو خوشکەکانم ، چونکە هەموجارێک نەنکم چێشتی بهێنایەوە براکانم خەدریان لێمدەکرد بەشکی کەمیان بە دادەنام ..ئێستا بە ئارەزووی خۆم وەک کوڕی پاشا دانیشتووم و نان دەخۆم .
نەنکم وتی : خەراکە کوڕم ئێستا خاوەن ماڵ دەگەڕێتەوە .
نانەکەم تەواو کرد نەنکم دەستی خستە ناو قووتیەکەوە چوکلاتێکی دامێ، وتی : بگرە ئەم شیرینیەش لە بەرئەوەی عاقڵ بوویت ..ئەگەر ئەوانش هاتنەوە هەمن بۆ لە شوێن خۆت نەجوولێ و تا پرسیارت لێنەکەن ، دەنگ دەرنەکەیت!.
گوتم : بەسەر چاو نەنە گیان .
دەنگی گەیی ئەتەمبێلەکە هات، دەرگای حەوشە کرایەوە ئەتەمبێلێکی ڕەشی زۆبەلاح هاتە ژوور ەوخساری ژن و مێردێک بە دیار کەوت .
سەرتا زەر ترسام ..سەیرانی کرد و ژنەکە نزیکم بووەوە لە باوەشی کردم و وتی : تۆ گەرانی یا سەرانی؟
منیش لەشەرما وەڵامیم نەدایەوە .
نەنکم وتی : ئەمیان گەرانە ..سەران لەم گەورەتر و دەچێتە خوێندن .
ژنەکە دەستی کردە ناو قووتوە چوکلاتەکە ویستی چوکلێتیکم بداتێ نەنکم وتی : شیرینی مەدرێ ..لە بیانییەوە دووجار داومەتێ .
ژنەکە وتی : لەگەڵی با بخوا .
مێردی ژنەکە شەبقەکەی سەری لابرد و خستیە بان سەرمەوە و وتی : سەرت بێ ئەوەندە بچووکە لەناو شەبقەکەم ونبووە…پاشان

پێکەنی و گوتی : نا ئەوە سەری منە زەر زلە .
منیش پێکەنیم ، ترس و شەرمم لەگەیان ڕەوایەوە .. وتم : چەند ماڵەکی باشن .
ئنجا کابراکە وتی : میم کەتان نانت داوەتە گەران ..
نەنکم وەڵامی دایەوە : خەمت نەبێت ئەم منداڵە وەک تە نەوسنە و بەشی خەی خواردووە .
هەستم کرد نەنکم لەگەڵ خاوەن ماڵەکە وەک دەست و ئاشنا ڕەفتار دەکات
لە دیار تەلەفزیۆنەکە دانیشتم و گوێم لە گەرانیەکان دەگرت، لەزمانی گەرانی بڕێکە تێنەگەیشتم. دام لە پەمەی گریان ..گوتیان بە دەگری؟ گوتم من لەم گەرانیە تێناگەم ئەوان بە پێکەنینەوە وتیان : قەینا کوەم ئەوە بە زمانی تە گەرانی نالێت ! .
بەو منداڵییەم بیرم دەکردەوە دەمگوت : چیدەبوو ئەگەر هەموو مرۆڤکانی دونیا یەک زمان ئاخاوتنیان بکردایە.
کاتێ نان دانرا کوڕە هەرزەکار و کچە کێیان هاتنە ژوور، جانتای مەکتەبیان هەلدایە سەر کورسیەکان و دەستیان شۆری و دانیشتن ، لەگەڵ دایک و باوکیان بە ئارامی نانیان خوارد .
لە بیرمە جارێکیان دایکم نیسکەوای لێنابوو، منیش خەزریم و گوتم من ئیلا نیسکەکەی دەستی نەنکم دەخەم. بە دزی منەوە قاپێک نیسکیان بردە ژووری نەنکم وهەنانەوە .. گوتیان : دە بخۆەمەش نیسکی نەنە..ئەوەندە جوان خواردم تا ئێستاش خوشک وبراکانم گاڵتەم پێدەکەن .
پێش ئەوەی ماڵەکە جێبهێلین بینیم نەنکم هەرچی بەرماوەی خواردن هەبوو بە جوانی خستیە ناو قاپێ پلاستیکەکەی ئنجا لە ناو بوخچەکەی پێچایەوە .
لەم کاتە کوڕە هەرزەکارەکەی ماڵەکە تەپکی (تەپی پێی) بە دیاری داپێم ..کە لە ولاتانی دەرەوە باوکی بێ هەنابوو ..منیش لە خەشیا تەپکەم توند لە باوەش گرت.. دایکی کوڕەکە هات و دووبارە لەباوەشی کردم و چەند دڵۆپە فرمێسکێک بە چاوەکانی ڕژانە خوارێ .
لە ڕێگا لە خەشیا نەمدەزانی چبکەم ئەوەندە پڵەم بوو بگەمە هاوڕێکانی گەڕەک تا ئەم تەپە جوانیان پیشان دەم ..کەمێک دەترسام دەمگوت : زەر جوانە تە بڵێی بتەقێ..ئاخر ئەمە بە تەپی لاستیک یاریمان دەکرد. تەنانەت تیپی گەڕەکش تەپکی ئاوا جوانیان نەبوو تا یاری پێبکەن.
لە نەنکم پرسی : نانە بۆچی ژنەکە گریا ..

وتی : لەبەرئەوەی کوڕەکی هاوتەمەنی تەی هەبوو (دووربەت خوایە) لە حەوزی مەلەوانەکە خنکا !.
- : بەس ئەو ژنە بەنی دەکردم. ماچی دەکردم خە من کوەی ئەو نیم ؟!

نەنکم وتی : لەبەرئەوەی ئەو کراسەی بەرت هی کوڕە مردووەکەی بوو!
- : کەواتە خەکی دەوڵەمەندش دەتەنگ دەبن؟

نەنکم تووڕە و ماندوو دیار بوو ..وتم : نەنە گیان بەخوا چیتر پرسیار ناکەم …بەس پەم بلە ئەوە پیاوەی ئەو ماڵە پیشەی چییە ؟

وتی : کوەم ئەو هەموو تانکیە مازن و بڵدۆزەرە نەوتانە دەبینی ..ئەو کابرایە بڵدۆزەریەتی !

من بیستبووم لە برا گەورەکەم کە قوتابخانە بڵدۆزەری هەیە، نەمدەزانی ئەو ئاگرە نەوتەی شەوانە شارەکەمی ڕوناک دەکرد… بە ڕەژیش پیسی دەکرد بڵدۆزەری هەبەت .. بڵدۆزەرنمدا بە باوکم بڵەم تا ئەویش لە کەمپانییەی نەوتەکە ئیش بکات، بڵدۆزەکو ئەمەش ببینە خاوەن کەشک و ئۆتۆمبیلەکی سووری جوان !

کاتێک نزیک ماڵ و گەڕەکی بووماوە تەپەکەم لەژێر فانیلەکەم شاردەوە. خوا خوام بوو کەس نەیبینە !

بە دزییەوە لەگەڵ نەنکم چووینە ماڵەوە. برا و خوشکەکانم بەدوام کەوتن وتیان : دەزانین ئەوە تەپە لە ژێر فانیلەکەت، دەریخە تا بە زەر لەمان نەسەندوی .

منیش بە گریانەوە لەیان دوور کەوتمەوە. لەم کاتە نەنکم بوخچەکەی کردەوە بەنی چەشتەکە ماڵەوەی پە کرد .

برا و خوشکەکانم لە من دوور کەوتنەوە و وتیان : ئەڕۆ ڵا نەنە خواردنی بەهەشتی لەگەڵ خەی هەناوە!..

ئەمجارەیان نەچووم بەڵای خواردنەکە چونکە هەموو شتەکم بە ئاشکرا بوو ..چەشتەکە بەرماوەی ماڵە دەوڵەمەندەکان وکراسەکانشمان کەنە جلی مردووەکان بوو!

تەپەکەم تووند لە باوەش کرد و چووم گەڕەک تا لەگەڵ هاوڕەکانم یاری بکەم !. پرسیارکردن و ماهییەتی پرسیار لە کورتە چیرۆکی " نەنکم (کەتان)" ی جەلال قادردا

چیرۆکی نەنکم (کەتان) حەوتەمین کورتەچیرۆکی نوێترین کەچیرۆکی چیرۆکنووس جەلال قادرە (١). چیرۆکنووس هەوڵی داوە لە زمانی کارەکتەرێکی منداڵەوە (گەران) بەسەر پانتایی نەستالیژیا سەفەرێکی کورت، بەڵام پە مانامان پە بکات بەرەو دوورگەکانی حەقیقەت. بەرەو

تەگەیشتن و فەربوون، بەرەو ئەودیو دیوارە پەنهانەکان کە چاوی بینینی ئاسایی نایبینێت. گەڕەوە کە کەسی یەکەمی تاکە لە عەوداڵیەتێکی بەرفراواندا دەژێت. کارەکتەری گەڕەوە کە تەواو لەلایەن نەنکە(کەتانە)وە سەپێرت دەکرێت، بە پرسیار ئابڕوو دراوە. پرسیارەکانی کارەکتەرەکە پرسیارگەلی تایبەتی نین کە بەربەستی بایەلۆژی و ژینگەیی نەگرن بن لە گەیشتن بە وەڵامەکانی، بەڵکو پرسیارەکان گشتین، کەمەڵایەتین، هەمان خوون و خولیای برا و دایک و باوک و کەسوکار و خزمکی گەڕەک و شار و وڵات. بەڵام چیرۆکنووس هاتووە لەزمانی منداڵەکەوە پرسیارەکان دەوروژێنێت کە بایەخی ستاتیکی دۆخەکە دەباتە ئاستێکی بەرز کە خوێنەر دەگیرێ چۆڵەوارگرتن دەکات. هەڵبژاردنی منداڵەکی هەشت نە سایی بە پرسیارکردن دەنگە چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بێت .
یەک : لەووی بایەلۆژیەوە (گەران)ی حیکایەتخوانی چیرۆکەکە نەگەیشتە ئاستی بالقبوون و توانای درککردنی لەئاستی پەویستدا نییە. ئەو هەشتا لە جیهانی منداڵی خۆیدا دەژێت، بۆیە ئازادە چی دەپرسێ و چۆن دەپرسێ، بۆئەوەی سانسەرێکی کەمەڵایەتی لەسەر بێت. ئەمش مانای وایە هیچ بەرپرسیارییەتێک لە پرسیارکردنەکانیدا نییە.
دوو : نەستالیژیای کردەتە پردێک بۆ خۆ داتەکاندن لە هەر ئینتمایەکی ئایدیەلۆژیی کە سبەینێ وەک ئایدەندەتی دۆقکان و نووسەری پێ بناسرێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سبەری ئایدیەلۆژیا بەسەر دۆقکەوە دەبینرێت. واتە دۆقکە بە ئایدیەلۆژیا نییە. پرسیارە ئاشکرا و شاراوەکانی کارەکتەرە منداڵەکە گەلە ئاماژەیان تێدایە کە دەتوانین بە ئاماژەی چینایەتی ناوزەدیان بکەین.
سێ : منداڵ هەڵبژاردەیەکی گونجاوە تا ترس و شەرم لە پرسیارەکانی بئاڵێنێت. هەڵگری لەبکرێت و هەندجاریش لەسەر پرسیارکردن سزا بدرێت کە ئەمە لەگەڵ مرۆڤی پەگەیشتوو(بالق)دا ناکرێت.
لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدەدەم شرۆڤەیەکی هەڵخزێنی بە پرسیارەکانی حیکایەتخوان بکەم و مانای پرسیارەکان لە کەدی ململانێی کەمەڵایەتی ناو چینەکانی کەمەگەوە بخوێنمەوە.
" لەسەردەمی منداڵیم بە پرسیارکردن هەموو کەسکم بێزار دەکرد." (٢) ئەمە ئەو ستایە کە ئەرکی دەروازەی گرتەتە ئەستۆ. ئەمە هەر خۆناساندنێک نییە، یان ئاشنا کردنی خوێنەر نییە بە ڕابردووی حیکایەتخوان، بەڵکو کەشکردنی هەشی خوێنەرە بە ئامانجە کەمەڵایەتییەی کە چیرۆکەکەی لەپشتاودا خوڵقاوە. کارەکتەری نەنکە(کەتان)یش هەڵبژاردنێکی گونجاوە بە ئەو کارە وەک سەپێرتێکی تەکنیکی لەپشتاو گەیشتن بە ناوەڕۆکی مەبەست.

یەکێک لە هونەرەکانی ڕازاندنەوەی ستراکتاری چیرۆک بریتییە لە هەڵبژاردنی کارەکتەر و ماتریاڵی گونجاو بۆ شوێن و مێژووستی گونجاو. جەلال قادر لەبەری هەڵبژاردنی تەکنیکی گونجاو باڵادەستی خۆی لە داڕشتنی ساختمانی چیرۆکەکە دەنەخشێنێ. ئەو هەر بەوشێوە ناوەستێ، بەڵکو دێت کارەکتەرەکەی لە پرسیارکردن هەڵدەکۆشێ.

وەک لە بیرم بێت پرسیارەکانم دەربارەی ماڵە دوورەماندەکان بوو. دەمگوت : دەبێ دڵنگیان چۆن بێت و منداڵەکانیان بۆ چی یاری کێن؟(٣) ماناکانی پرسیارکردن لە چیرۆکی نەنکم کەتان هەڵگری چەند ئاماژەیەکن، لەوانە مەغزای چینایەتی و ئامانجی کەمەڵایەتی. ئەم ئاماژە چینایەتییە کەمەڵایەتییانە زیاد لە جێگایەک و زیاد لە بەندێک لە چیرۆکەکە نیشان دراون. چونکە لە کەمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات بۆ گشتی و کەمەڵگەی کوردستان بۆ تایبەتی پرسیارەکانی منداڵ لەژێر چەپۆکی " وسبە، بەدەنگ بێ، قسە مەکە، پرسیار مەکە، بیبەوە، مەشکت بردم" دایە. ئینسانەکانی ڕۆژهەڵات کاتیان بۆ منداڵەکانیان و پەروەردەی تەندروست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان نییە.
وتم : نەنە ئەرێ بەهەشت؟
ئەی پەنەگەی.. پەمنەگوتی چیتر پرسیار مەکە.(٤)
یان
ئەی نەنە بۆ ئەمە هیچ وێنەیەکمان نییە لە ماڵەوە؟

- نەمگوت چیتر پرسیار مەکە!(٥)

سەرکوتکردنی کارەکتەری پرسیارکەر، گەرچی نائومێدیەکی بەرفراوان بۆ منداڵەکە دەنێتە ئاراوە، لەهەمان کاتیشدا لەووی دەروون شیکارییەوە منداڵەکە دووچاری توند و تیژی و بەڵزی و دوایش کائینەکی شەرمن و ترسنۆک و کە گەورەش دەبێ یان مرۆڤێکی بەدسەڵات یان جەللادی لێدەردەچێ.
لە چیرۆکی نەنکم (کەتان)دا، ستایە یان میتۆدی پرسیارکردن یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خۆدزینەوە لە خستنەووی زانیاری و چوونە ناو وردکاری هەندە بابەت و پرسەوە کە چیرۆکنووس دووچاری بەرپرسیاریەتێکی بەرفراوان بکات. نازانرێت چیرۆکنووس چەند ئاگایانە ئەم ستایەی بەدەستەوە گرتووە، بەڵام هەرچەندێک بەت دەست بەبردنێکی باشە بۆ چنینی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە. شانبەشانی پرسیارەکانیش کە سیانزە پرسیاری ئاشکرا و چەند پرسیارێکی نهێنین، هەندە لە پرسیارە نهێنیەکان بەشێوەی مەزندە یان (Wonder) خراونەتە ڕوو. سروشتی پرسیارەکان و ماهیەت و ماناکانیان دەکرێ لە چەند

خاکدا ووون ببەتەوە.
یەک : ماهیەتی پرسیارکان ماهیەتکی کوانە یان نەرانیە. پرسیارکان کچانە یان مەینە نین. چونکە چارنووسی ئینسانکان لە ژاڕەکات بە هەندە فاکت و کلتوور و ئایین و دابونەریت بەستراوەتەوە. ئەو هەلەی لژیان بە کوشك هەدەکەوە لە هەسوکەوت، بە کچک نایەتە دی. بەیە کە (گەران) دەبەتە کارکتەر و گەشەوەی چیرکەکە بەم حوکمی واقیعە سیاسی و کۆمەلایەتییە بووە نک بە ئارزووی نووسەر. ئگەر لە بری گەران خوشککی گەران بوایە دیارە ڕەوی پرسیارکان بە جۆرکی تر دەبوو و ماهیەتی پرسیارکانیش ڕەنگە پە بوونایە لە بزەیی و فرمسک و ئاکتی مەینانە.
دوو : پرسیارکان ئاگایانەن و لە نستەوە هەدەقوونەن. سروشتی پرسیارکان خەسکیی نین، ئەوندەی پلان و نەخشەی داڕشراوی لەپشتەوەیە. ئەمە خالی بەهەزی دەقکەیە کە نووسەر باڵا دەستی خەی تیا بە خەرج داوە. باکگراوندی نووسەر و بنەماڕەکیان و جگاوەگای چینایەتی نووسەر لە کۆمگە ئەو دەرفەتەی بە نووسەر خوقاندووە کە بکەوتە سەراغی هەقیقەتە تاڕەکانی ژیان. بە ئەم مەبەستش ئەدەب ئەو مەیدانیە تا ئەم ئەزموونەی تیا تاقی بکرتەوە.
سێ : پرسیارکان بە دیوارک لە ترس دەورە دروان. کارکتەر بە هەی کەم تەمانی لایک و تامزرۆیی لایکی تر ڕووبەووی تاقیکردنەویەکی قوورس بەتەوە تا ئەو بەنە بهەنەتە دی کە بە نەنکی داوە. ئەویش پرسیارنکردن و ئاقە بوون و بەعاری نکردن و بزەو نبوونە. ئەم بەنە بە ئەوەی لە تامی چوونە (بەهەشت)ی نکا، جۆرە ترسک و وریابوونک لە پرسیار کردن و تانەت قسکردنی (گەران)یش لە ئارادایە کە بەتە چوارچەوەیک بە ئازادی ئەو کارکتەرە. ئەم ترسە ترسکی جوانە چونکە گواستنەوەی واقیعی تاڵی ژیانی منداڵکە کە خەون بە خشی و جوانییەوە دەبینەت.
چوار : هکارک بە زانینی زانین و فربونی شتە نزانراوکان، هکارکی سەرکییە بە ئەوەی کارکتەرە سەرکییەکەی چیرکی (نەنکم کتان) لەنەو دریای پرسیارکردندا سەوە لەبدات. (گەران) لەم سفەریدا لەگە نەنکی کتان تووشی شک دەبەت و بە نیمچە ڕاستەوخۆیی ئەو شک بوونە نیشان دراوە. سەرسومان و ئەبەقبوونی کارکتەر بەهەی بینینی شتە غریب و سیر و نامۆئلوفکانەوە، بەگەی ئەوپەڕی بەئاگایی کارکتەرە لە جیهانک کە ئاسایی بە چینی

بورژوازی و لەلای کارکتەرە کەمان و هاوچینانیشی بەهشتە بە هەموو مانای خولیا و ئارزووکان.
بەم پێیە دەبینین پرسیارەکان بە چۆنێوکدا گوزەر دەکەن کە پێویستیان بە هەندە ئاسانکاریی هەیە تا بگەنە شوێنی مەبەست. بە ئەم مەبەستەش نووسەر هاتووە تەواوی تەکنیکی خستەتە خزمەت ئەو ئامانجەوە. شێوازی حیکایەتخوان و گێڕانەوەی چیرۆکەکە تا بڕێی سادە و ئاستەوخێیە. ئەم جۆرە ئاستەوخێیە گەرچی لەلای نوخبەی ڕەخنەگران و نووسەرانی بورژوازییەوە بە ئاریش ناو زەد دەکرێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لای من هەکارێکی دواندن و گفتوگۆی نووسەرە لەگەڵ خوێنەرێک کە تا ئێستاش نامەی بە ناونیشانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانی نوخبە. ئەم خاڵە نەک خاڵی لاوازی نییە، بەڵکو خاڵی بە هێزی لەوە هەستانی نووسەرە بەرەو تێکشکاندنی ئاستەنگەکانی نوخبەی بورژوازی و گێڕانەوە بە لای هاوچینەکانی. ئەم ستایلە لە گێڕانەوە ستایلی ڕیالیزمە. دامەزرێنەرانی ئەم مەدلە گرێوی سەرکەوتنیان گێڕانەوە بووە بە ئینسان. من سەرنجم داوە ستایلی چیرۆکنووس جەلال قادر بە بە گێڕانەوە بە ڕەگەز و توخمە تەکنیکییەکانی تری ئەدەبی گێڕانەوە، هەر بۆوندە قایل بووە کە ئامانجێکی بەهێنتە دی، ئۆویش گەیاندنی ناونیشانی کۆمەڵایەتی دەقەکەیەتی بە خوێنەر.
زمانی چیرۆکەکە سادەیە، بە پێچ و پەنا و بە گەمەیە. تا ئەندازەیەک لە زمانی سادەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکە. ئەمەش یانی نووسەر لە زمانی ئاسایی نووسین لە هەندە پەرگرافدا دوور دەکەوێتەوە و پەنا دەباتە بەر شێوازی ئاخافتنی ڕۆژانە و سەرجادە. ئەم جۆرە شیفت گەڕینەی زمان هەندجار پێویستن و زەرجاریش ئاریشەن. چیرۆکنووس ئەگەر هەوە نەدات زمانی نووسینی بباتە ئاستێکی بەرز، ئەوا لە ڕێی دەقەکانییەوە ناتوانێ ئەو چێژەی هەیانە ببەخشێت بە خوێنەر. من ئەوەم لا ڕوونە کە زمانی کارکتەرەکان هەمان زمانی جۆشۆنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی یانە. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم خۆشکە بە نووسینی چیرۆکنووسەوە و پێویستە کاژی لاوازی زمان فەڵ بدات و توانای زمانی نووسینی بەرێتە سەر.
مەغزای چیرۆکەکە هەر بەراوردکردنێکی سادە نییە لە نێوان دوو دونیای جیاوازدا، لە نێوان ئازارستان و بەهەشت، بەڵکو پێنجخستنە سەر لایەنە شاراوە و جوانییە پەنهانەکانی جیهانێکە کە بە حیکایەتخوان وەکو خۆی وایە و زوو دەبێتەوە. " لە دڵی خەمدا وتم : کەواتە لەسەر ئەم زۆییش

خـــوا بـهـشتـکـــی دانـــاوە بـس ئـمـە تـــا ئـسـتـا نـماندزیوتـوە.”(٦) حیکایـەتخوان (گـران)ی منداڵ کـە هـر چیـرکنووسـیشـ دسـەـاتی هـبـە لـو بـهـشتـە نـایـتـە دڕـوە. بـەـام هـم ناچاری و هـم پـویستی دڕی دکـنـە دڕـوە و فـەـی دڈـنـوە جیهانـە پـە لـە قـوە چـپاوکـی خـی کـە تاموچـژکی تایبـتی بـە منداڵ تـدایـە. ئـو تاموچـژی کـە بـشکـە لـە کـی جوانی و یادـوەری گـەـرـوە.

سـبارـت بـە کـورتـچیـرکی ” نـنکـم (کـتـان)” دـتـوانم بـە کـورتی خـوندنـوەی خـم بـە چـند خاـە نیشان بـدـم “
یـک : ستراکتـاری ئـم چیـرکـە لـسـر پرسیارکردن وـستاوە. پرسیار بـتـە پردی گـیشتن بـە مـبـست. لـەـی پرسیارکردنـوە پـرسـی گـەـان بـدوای زانین و زانیاری و تـقـللای بـدـستهـنانی نهـنیـکانی ژیان دـست پـدـکات. ئـم چیـرکـە هـوـدانـکـە بـە نیشانـدانی جیـاوازی چینـایـتی کـمـەـگـی چینـایـتی کوردستان و پـنجـە خستنـە سـر خـون و خولیای مـرـقـە بـە ژیانـکی باشتر و جوانتر.
دوو ” زمانی چیـرکـکـە سادـە و ـەـوان و بـە پـچ و گـمـیـە. جگـە لـو ئاخاوتنـە ـەـژانـیـیـی (گـران)ی منداڵ کـە دواتر دـبـتـە چیـرکنووس و نـتـوانینی تـپـەـاندنی ئـو شـوـە ئاخـاوتنـە لـە نووسـینی دـقـدا. نووسـر وابـستـیـە بـە نووسینی ستاندارد، بـەـام لـزـر جـگادا لـە زمـانی کارـکـتـرـکـانـوە ئـو وابـسـتـیـە فـرامـش دـکـات و پـنـا دـبـاتـوە بـە شـوـە ئاخاوتنی ـەـژانـیـیـی یان بازاڕی کـە هـنـدـجار پـویستن و هـنـدـجاری تریش پـویست نین و دـبـنـە بار و خاـی لاواز بـسـر زمانی نووسین.

سـ ” بـدـستـوە گرتنی ستایـی گـەـانـوەی ـاستـوخـ پـلـکـشکردنی خـونـر بـە جیهانی چـژ، گـرـنتی دـستـەـنگینی نووسـر نیشان دـدات لـە گـیـاندنی نـاوـەـکی کـمـەـایـتی دـق. ئـم جگـە لـە هـەـبژاردنـی گونجاو و دـستبردن بـە مـتریـاـاکانی ـازاندنـوەی چنینی دـق و بـە ـوون نیشاندانی مـبـستی کـمـەـایـتی دـق.

چـوار : ئینتـمـای دـق نـاکـوـتـە دـرـوەی ئینتـمـای ئایـدیـلـژیا و هـرچـنـدـ نووسـر ناچـار نیـە و نـبـووـ خـی بـە ئایـدیـلـژیـیـک بـبـستـتـوە. بـەـام تا ئـو جگـیـی کـە خزمـت بـە ئینسان دـکات، لـەـگـی ئاماژـوە دـیتوانی هـنـدـ ـەـشنایی بخستایـ سـر پـیـوـندی ـەـوی بـرـوپـشچوونی ـووداوـکان. بـەـام کـتـایی هاتنی چیـرکـکـە خـی وـەـامی یـکـک لـە پرسیارـ میـژوویـیـە گرنگـکانـ.

پێنج : ئامێرەکانی ڕەخنە و ڕەتکردنەوە لەم چیرۆکەدا بوونیان نییە. بەڵکو فۆتۆگرافێرێک کاری کردووە نەک زمانی ئاماژە بکات ئەڵتێرناتیف. مۆتیفی جووڵەی ڕووداوەکان لەم چیرۆکەدا بە جۆرێک نووسەر سەربەستی داوەتە کارەکتەرەکان و نەیویستووە کۆشیان بکات نەو بەرپرسیارێتییەوە. بە بڕوونی من ئەم هەڵە جیاکارەوەی دڵق و نووسەرە لە دونیای واقیع. یان بە وشەیەکی تر ئەم شوێنی ونبوونی ئایدێندتی دڵق و نووسەرە.
شەش : ماهیەتی پرسیارەکان کە چنینی ڕووداوەکانی لەسەر بەندە ڕەگەزی نەرینەییەکان هەیە و بە تەرس و شەرم دەورە دراون و لە نەستەوە هەڵەدەقووڵن و ئامانجیش دەستاگەیشتنە بە زانین و نهێنییە نەزانراوەکان. ئەمش دەرخەری بارێکی کەمایەتی و سایکۆلۆژی و هەروەها چینایەتی کارەکتەرە.

دواجار چیرۆکی (نەنکم کەتان) ی جەلال قادر دەکرە لەچەند لایەن لەی بکەدرێتەوە و لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشا بکرێت. دەشە ڕەخنەگرێک تەنها ناوەڕۆکی بخوێنێتەوە و کەسێکی تر تەکنیک هەڵسەنگینێ یان زمانی چیرۆکەکە بداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. من تەنها پرسیارم هەیەبژرادووە و لایەنەکانی پرسیارکردن و ماهیەتی پرسیارەکانم خوێندەتەوە. نووسەر لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئەوەمان پێدەڵێ کە کەمەڕێگە دوو چینە و شەوازی ژیانی ئەم دوو چینە جیاوازن. کەمینەیەک لە خۆشگوزەرانی دژێت و زەرینەی خەڵکیش لە ژیانێکی فەلاکەتبار و مەینەتباردا دژین. حەز و خولیای خەڵک ئەوەیە ئەو خۆشگوزەرانییەیان بە دەستبەر بکرێ بەبێ نەئاماژەی پێ دەکا و نە پەمان دەڵێ چۆن؟

حوزەیرانی ٢٠١٧

سەرچاوە و پەراوێزەکان :
١-پشیلەکەی بریژیت جەلال قادر کەچیرێک چاپی یەکەم چاپخانەی کارە ٢٠١٧ لاپەڕە ٥٦ تا ٦٩.
٢- پشیلەکەی بریژیت جەلال قادر کەچیرێک چاپی یەکەم چاپخانەی کارە ٢٠١٧ لاپەڕە ٥٦ تا ٦٩.
٣ -هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە
٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە
٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە
٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە

تێبینی : ئەم باباتە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٩ بڵاو

بۆتۆی.

چەند دێڕێک سەبارەت بە (ڕۆمانی بەفر)ی ئورهان پاموک... راستی بۆهادین

ناوی کتێب: بەفر
نووسەر: ئورهان پاموک
خەڵاتی نۆبڵ, ساڵی 2006

"بەفر" ڕۆمانێکی سیاسییە، پەنجەرەیەکە ئورهان پاموک نووسەری کتێبەکە بەڕووی ئێمەی خوێنەر دەیکاتەوە و هەڵدەدا تورکیەی ئەمڕۆمان نیشان بدات. ڕۆمانەکە باسی گەڕانەوەی کا، شاعیرێکی نیشتەجێی هەندەرانە کە دوای دوانزدە ساڵ دووری سەردانی وڵات دەکات. کا، دوای مردنی دایکی و بێ دیتنەوەی شاری سەردەمی منداڵیی سەفەردەکات کەچی بە پێشنیاری هاوڕێیەکی ڕۆژنامەوانی و بێ نووسین لە سەر هێی خۆکوشتنی کچە گەنجەکان لە شارۆچکەیەکی سەرسنوور سەفەرێکی تری تووش دەبێت کە سێ چوار ڕۆژ دەخایەنێت و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەشە.

ئورهان پاموک لە "بەفر"دا هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش و بێ ئەوەی پشتگری لە لایانێک بکات ڕەخنە لە تورک و کورد و موسلمان و مەسیحی و کۆمۆنیست و سوسیالیستەکان دەگرێت و زۆر بە وردی لایانە نالەبارەکانی هەموو دینەکان و سیاسەتی هەموو حیزب و گروپە سیاسییەکان زەق دەکاتەوە. پاموک وێنەیەک لە "بێ سەروبەری سیاسی" دەدا بە خوێنەر و کەمێک درەنگ بەڕۆام بە ژوونی دەردەکەوێت کە باس تەنیا لە سەر "باوەڕ و بێ باوەڕی" بە خوا نییە کە مەبەستی نووسەرە. لێرە تورکیەی موسلمان و تورکیە مۆدێرن ڕووبەڕوو دەبنەوە. شەڕ بێ پاراستنی داب و نەریتە کۆنەکان لە لایەک و داسەپاندنی "مۆدرنیتێت" بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دەسەڵاتدارەکانەوە لە لایەکی. ئورهان پاموک هەوڵ نادا وڵامی هیچ پرسیارێک بداتەوە بەڵام زۆر پرسیار دەخاتە(وە) ڕوو لە وان: مافی

ژن لە وڵاتێکی سێکولار، مافی ژن لە حکومەتێکی ئیسلامیدا، یان بوونی مافی هەبژاردنی جۆری جل و بەرگ و شێوەی ژیان بۆ ژن لە هەرکام لەم سیستەمە حکومەتییانەدا. نووسەر لێرە و لەوێ باسی هەمسێکسوالیەت، جینوسایدی ئەرمەنییەکان، بۆ سەروشوێن چوون و پێشێ کردنی مافی کوردان و … دەکات. بە کورتی "بەفر" وێنەیەکی بچووکی تورکیەیە و گێرانەوەیەک لە شەی دەسەاتە لە نێوان هێزە چەکدارەکانی وڵات دەگەێ کوردە ناسیونالیستەکان، تورکە سێکولارەکان و ئیسلامیستەکان و وێنەیەکی بە هێزە لەوەی ئەو شەە چێن داوێنی خەکی ئاسایی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی دەگرێتەوە.

پیاوێک لێ تاریکییەوە بۆ تاریکیی… نێوزاد بێندی

غەریبیێک لێ ناخمدا
ئەهات و ئێچوو ..
بۆ بۆ کێس ..
وێک شارێکی بۆ ناونیشان
یان کێشتیێکی
بۆ ئێدرێس ..

ئەهاتم ..ئێچووم ..
ئێمپرسی :
لێ کوێێ شاری ێوناکیی ؟
هیچ وڵامێکم
دێس نێکەوت ،
مامەوێ
بۆ تێنیا و تاکیی ..

ئێمویست
لێلای هێموو کێسێ
باسی ئەو پیرۆژنێ بکەم ،
بە منداڵیی ،

ۆناکی چاوکانمی
کوژاندۆ ..
ئو تاوانبارەی ناینناسم ،
کە بەناوی دەرمانۆ ،
دانوستانی
من و بینینی
بێ ئەبەد
دابەی و هەوەشانۆ

شوقام بێ هیچ کۆی
نەبردم ..
لێ نادیارۆ
بێ نادیار ..
هەرچەند بوو بووم
بێ هاودەمی
دەستی بچووکی کچەکەم و
شوقامێ ماتەکانی
شار ..

دواجار چاویلکەیەکی
هەش ،
بێ کەس و تەنیا مایۆ ..
دوا جار دەستەکی
کچەکەم ،
ئازاد بوو ..
کە هەموو عەسرێ
لێ سلەمانی
لێگەڕما ئەخولایۆ ..

ئەگەڕام ..
بێ شیعرەکی نوێ ..
بێ ئاوازێ ..
بێ دەنگێ لێ ناخما بۆ ..
کەس
نەبوو
چاوەڕوانی بم ..

(من غەرییییییبم

من غەریییییبم
من غەریییییبم
من غەریب ..
عاشق و
دڵ بریندار و
بێ تاقەت)

⋆ دڵۆکانی ناو دوو کەوانەکە ، گەرانیەکی هونەرمەندی کچکردوو : سابیر کوردستانێ

شیعر/ گۆگانی هەورێ یاخیەکان … کاوێ عوسمان عومەر

نەتتوانی…
باڵۆ گەینەکانی هەور..
لە ئامێز گری،،
بەیە وازت لێ نوسینی..
شیعرێ یاخیەکان،،
لە جوانی ئاوێنەی…
ڕۆحی ئێو هەنا،،،
کوا باڵۆکانی تێ..
وا دروست کراون،،
لە کورێی گەپرژەی…
ئاسمانا نەسوتێن ؟،،
……
کاتێک ویستت بڕۆیت،،،
ویستم لە ژیر بارانی،،
وەرزێکی وێشووما،،
مەمکانت بە داگیرسێنم،،
گرفتی من،،،
تەنها دڵریایێ،،
لە زمانی ڕۆشتنی تێ تێدەگا،،

دەشزانم هەموو مرۆڤکان،،
مەلی باکراون،،،
دەست و قاچیان،،
بە ماشینەکانەوە بەستراون،،،
تونێلەکە ،،
بە تروسکەی دەرجوون،،،
سەفەر بەرەو مەنفا،،
گەر وازیشت لە خوەندنەوەی...
شیعری سەر باڵی..
نەورەسکانم هەنا،،
باش بزانە،،
ەوخساری قەشەنگیشت،،
پێێ نەنوسراوەکانی شیعری منە،،،
برینی ئەو گوڵانەش،،
لەویان خوێن و گریان و وشەی نەوتراوە،،
بانگم دەکات بە گێڵانەوە،،
بە شارەک لە خەوو خەیاڵی...
ئەمەی کچەرا،،
قەتیس ماوە،،،
بەهام هەرگیزا و هەرگیز،،
لە گەشتەک،،،
بەرەو دەزەخەکی خەش،،
پشت دەریا زومردەکانی...
تەنیایی پەشیمان نیم،،،
هەرگیز لە چاوەوانی..
سەناتای بوونی تەش بەزار نیم،،،
ئای لە گەکانی ئاسمانی سەر کەنار ،،،
چەند حەز ئەکەم خەمی تیا بشەم،،،
ئەی هەورە گەینەکان،،،
هاوەحم بە،،،
لەم تەقینەوەی دێ بە ئەقریە،،
تەنها گرفتم ،،،
هەگرتنی دارستان و ەوبار و چەم ...
و بەستان و مەرگ و کەو و دەشت و چیایە ،،،
لە پریسکەی سەفەرما،،،
گەر نەشگەیشتینە...
شارە سیحریەکانی عەشقیش،،

چاوە کزەکانی ئەستێرەت…
بە دائێگیرسێنم ،،،
بەڵام ئەسپە سپیەکانی کات ،،،
بەلامانا تێپەڕین و..
ئەمڕۆش هەر لە کاروانێکی ووناە،،
ڕەمان گرتوە،،،
هەر تێناگەم بۆچی دەبێت،،،
تۆ لە فرمێسکی منا بییت،،
منیش لە فرمێسکی تۆدا.

.....

وێنەکە کارێکی هونەری فۆتۆگرافەر >
)Johannes Plenio((
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە.

بووکە سەماکەرە (داوەن) .. ڕەزا شوان

لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤ باڵندەکان، لە نێوان شێوە و ئاشتیدا جیاوازی هەیە، مرۆڤ حەزدەکا خۆی لە باڵندە دەنگخۆش و ڕووخسار جوان و پەڕ ڕەنگینەکان نزیک بکاتەوە، گوێ لە دەنگی خۆشیان بگرێ و بە بینینیان دڵخۆش و چاوەست ببێ. وەکو: کەو، بولبول، کەناری، چۆلەکە، تووتی، تاوس، کەشکەشێر، قەتی، قوڕنگ،… هتد. هونراوەنووسان و چیرۆکنووسان بە سەدان هونراوەیان بەسەر جوانی و دەنگخۆشی و پەڕ ڕەنگینی و فڕینی ئەو باڵندانەدا هەڵداون، یا کردوویانن بە پاڵەوانی سەدان چیرۆکی خەیاڵی بۆ منداڵان.. یا بەسەر ئازایەتی و بەرزی فڕینیان، هونراوەیان هەڵداوە و کردوویانن بە پاڵەوانی چیرۆکی خۆش بۆ منداڵان، لەوانەش: هەڵۆ و باز و شاهین. هەشیانە مرۆڤ لە کاتی تۆوکردن و بەرگرتنی باخ و بەستاندا، خۆشیی پێیان نایات، لەوانەش: قەڵەش و کوندەپەپوو، کەلار، ریشەکە، داە.

مرۆڤ گەلێ باڵندەش بەخۆو دەکات لە پەناوی گەشتەکەی و هەڵمکەکەی و پێکەکەشی، لەوانەش: مریشک، کەشکەر، عەلەشیش، قاز، مراوی، وشترمل.
هەشیانە لە کاتی تەوکردنی دانەوێڵە و بەروبووم و پێگەیشتنی بەری باخ و بەستان و ڕەزدا، زیان بە جووتیارەکان دەگەیەنن تەو و بەروبووومی کشتوکاڵیان دەخۆن، لەوانەش: قەڵەرەش و ریشۆڵە و چۆلەکە.. بەجگە لە باڵندەش کوللە زیانەکی زۆر بە دانەوێڵە و بەروبووومی باخ و بەستان دەگەیەنێت.
جووتیارانی بەرچاوتەر و باڵندەدەست، باڵندەکان بە هاوباشیان دەزانن، کە مافیان بە زۆییەوە هەیە. لە کوردستان دا، جووتیارانمان بەرچاوتەنگ و قرچەک نین، لە کاتی تەوکردنی دانەوێڵەدا، بڕێکی زیادەش دەژێنە سەر زۆی و دەڵێن: ئەمەش بەشی باڵندەکانە.. کە گوزارشتە لە خۆشەویستییان بە باڵندەکان.
لە هەنراوەیەکی زۆر کۆنەدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی باوباپیرانمان، جووتیارەکان لە کاتی تەوکردنی گەنم و جەدا، بە گەرانی و بە زەردەخەنە و ڕووخۆشییەوە، دەڵێن:
چنگەک بۆ کرمەکان.. چنگە بۆ قەڵەشەکان.. چنگە بۆ ریشۆڵە چۆلەکەکان، سێ چنگیش بۆ شین بوون.
چەکی مرۆڤیش لە شێوەی دژ بە باڵندەکان، چەکەکی کوشندە نییە و هیچ ئەزیەتێک بە باڵندەکان ناگەیەنێ، تەنیا بۆ ترساندن و دوورخستنەوەیانە، لە باخ و بەستان و ڕەز و مەرزەی برنج و گەنمەکانیانە، واتا شوێنکی بۆ قەستییە. ئەو چەکەی کە مرۆڤ لە دژی باڵندەکان بەکاری دەهێنێت، بە کوردی پێی دەڵێن (بووکە سەماکەر).
لە زمانی کوردیدا، ئەم وشانە هاومانن (بووکە سەماکەرە، داوکە، داهۆڵە، بووکە ترسێنەر) لە زمانی ئینگلیزی پێی دەڵێن (سکارێ) لە زمانی عەرەبیش (الفزاعة).
بووکە سەماکەرە چییە و لە چی دروست دەکرێ؟
شێوە کلاسیکییەکەی بووکە سەماکەرە، کە تا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێ، بە تایبەتیش لە لادێکانی کوردستان دا بریتییە لە بووکەیەکی باڵابەرز لە شێوەی بژنی مرۆڤ دایە، کە لە دار، یا لە قامیش، یا چیلکە و پووش ق قەسڵ، قەوارەکەی دروست دەکرێت و لە شێوەی دەموچاوی مرۆڤیش دەنەخشێنن. بە زۆری لە دوو دار لە شێوەی (خاچ) بە یەکەوە دەبەسترێن، سەرەکی دارە درێژەکە لە زۆی دەچەقێنرێ، دارەکەی تر، کە لە شێوەی باڵ کراوەی مرۆڤ دایە. کراسێکی کۆنی ڕەنگاوڕەنگی کچانەی لەبەردەکەن و بە پێڵە و پاڵ دەیازێننەوە. دەسماڵێکی تەنکیشی لەکەڵ دەکەن، لە

ناوەڕاستی باخ و بەستان و ڕز و مەرز و کێگەدا دایدەنێن، لە دوورەوە وەکو شەوەی کچکی باڵابەرز دیارە. کە باڵی دەدا، دەکەوێتە جووڵە و دەسماڵەکەی و جلەکانی دەشکێنێتەوە، بە شێوەیەکیش دایدەنێن کە بە هەموو لایەکدا بسووڵێتەوە. کە باڵندەکان دەبینن وا هەست دەکەن کە مرۆڤێکی ڕاستیە، بۆیە لێی دەترسن و دوورەدەکەونەوە. بەهام قەڵەشەکان زیرەک و وریان، زۆری پێناچێت، تێدەگەن کە بووکە سەماکەرە، بووکێکی ڕاستی نیە و قەستینەیە، ترسیان لێی دەشکێ و لەسەر سەری و باڵەکانی بووکە سەماکەرەکەدا دەنیشنەوە. مەرجێکی قورخکراویش نیە، کە بووکە سەماکەرە، هەر لە شەوەی مێندا بێت، دەشێ لە شەوەی کەوداوە دروست بکرێت و بە جلوبەرگی کوردی کەوانەوە بازنرێتەوە.. شایەنی باسیشە هەر نێتەوەیەک شەوەی جیاوازی بووکە سەماکەرەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بە جلوبەرگی نێتەوایەتی تایبەتی خۆیان، بووکە سەماکەرەکانیان دەڕازێننەوە.

لە ئەمڕۆدا، بووکە سەماکەرە، بووە بە هەمایەکی گرنگی کولتووری گەلە لە گەلان. لە بەشێکی زۆری وڵاتان دا، ساڵانە لەژێر ناوی (بووکە سەماکەرە) دا، جوانترین و خۆشترین کەنەقاڵی خۆشی و شادی سازدەکەن و چێندین جۆری جوان و ڕازاوەی بووکە سەماکەرە پێشاندەدەن. بووە بە بەشێک لە کولتوور و داب و نەریتیان. ئەوەش بە بیردێنێنەوە، کە مەرەق ئازاری باڵندەکان نادات، بەڵکو تەنیا بە دوورخستنەوەیان لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بووکە سەماکەرە بەکاردەهێنن.

مەژووی دروستکردنی بووکە سەماکەرە:

دەکرێن، بە یەکەمین جار لە مەژوودا، فەرعەونییەکان "میسرییە کۆنەکان" چەند سەد ساڵێک لە پێش زایینیدا، بووکە سەماکەریان داهێنا. بەڵام من پێموایە کە گەلێ کوردمان یەکەمین گەلە لە جیهاندا کە بە یەکەمین جار، بووکە سەماکەریان داهێناوە. چونکە یەکەمین دەی کشتوکاڵی لە جیهاندا کورد دروستی کرد کە دەی (چەرمو)ە، کە دەکەوێتە باکووری شاری (چەمچەماڵ) لە باشووری کوردستان، کە تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەم دەیە کۆڕەوە نەبووە. مەژووەکەشی بۆ نزیکەی دە هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. دوور نیە کە بە پاسکردنی گەنم و جۆیەکانیان لە مەل و باڵندە، بووکە سەماکەریان داهێناوە و بەکاریان هێناون. کە لە دار و قامیش و گڵەای دار دروستیان کردووە و پێستی ئاژەڵیان لەبەر کردووە.

گریکەکانیش"یەنانییەکنەکان" لە داری ئەستوور، لە شێوەی پەیکەری مرۆڤی ئەفسانەیی (پریاپس) یان دروست کردووە، کە بە شێوەیەکی ناشیرین و بە رەنگی سوور بەیان دەکرد، تۆایەکی داریشیان بە دەستیەوە دەگرت، تا زیاتر باڵندەکان لێی بترس و لە کێڵگە و باخ و بەستانەکان دوور بکەونەوە.
ژاپنییەکانیش، بووکە سەماکەریان بە پاسکردنی مارزەکانی برنج دروست کرد، کە بریتیبوو لە راژەیەکی دار یا لە قامیشێکی درێژ، کە لە ناوەڕاستی مارزەی برنجدا دەیانجەقاندن، بە قەدی راژەکان و قامیشەکاندا، لاشەی ئاژەڵی تەپیوی بەگەن یا ماسی بەگەنکردوویان هەڵدەواسی، کە بۆن بەگەنییەکی زۆریان لێوە دەهات، لەبەر بۆنی ناخۆشی بەگەنی ئەو لاشانە، باڵندەکان لە مارزەکان دوور دەکەوتنەوە. بە بووکە سەماکەرەشیان دەوت "کاکاشی" کە واتاکەی بە ژاپۆنی "بۆن بەگەن" دەگەیەنێت.
بەڕام لە دوای سەردەمانێک، لە شێوەی مرۆڤ، لە دار و پووش بووکە سەماکەریان دروستکرد و شێپقەیان لەسەری دەکرد، هەر هەمان ناوی پێشوویان پێی دەوت، بەڕام بۆنی بەگەنییان لێوە نەدەهات.
جووتیارانی ئەوروپاش، لە سەردەمکانی ناوەڕاست دا، کە هێشتا فەڕی دروستکردنی بووکە سەماکەرە نەببوون. بە پاسکردنی باخ و بەستان و کێڵگەکانیان، لە باڵندەکان، منداڵانیان بە کەرە دەگرتن، هەر منداڵێک تووڕکەیەک بەردی لە مل دەکرد، بە ناو و بە قەراغی کێڵگەکاندا دەسووڕانەوە، هاواریان دەکرد و کشەیان دەکرد، هەر باڵندەیەک نزیک بوایەتەوە، بە دەرکردن و دوورخستنەوەی، بەردیان تێی دەگرت و دەیان ترساند.
بەو منداڵە پاسکەرانەیان دەوت" ترسێنەرانی باڵندە"
لە ساڵی (١٣٤٨) دا، کە پەتای رشانەوە لە ئەوروپادا بڵاوبووەوە، ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەو پەتایە مردن. ژمارەیەکی زۆر کەم لە "ترسێنەرانی باڵندە" رزگاریان بوو.
بەیە جووتیارانی ئەوروپا، بیریان لە ئەنجامەناتیفێکی تر کردەوە بە پاسکردنی کێڵگە و باخ و بەستانەکانیان. بووکە سەماکەریان دروستکرد، کە بریتی بوو لە جۆاڵێک پیان لە پووش و قەسڵە دەکرد، و سەر و دەموچاوێکیشیان لە شێوەی دەموچاوی مرۆڤ پێوە قایمدەکرد و دەیان نەخشاند، لە ناوەڕاستی کێڵگەکانیان قایمیان دەکرد، تا ترس بخاتە دڕوونی باڵندەکانەوە.
دانیشتوانی ڕەسەنی باکووری ئەمریکا، ئەوانیش فەڕی دروستکردنی بووکە سەماکەرە نەببوون، بە پاسکردنی کێڵگە کشتوکاڵییەکانیان، پیاوێکی بە تەمەنیان بە کەر دەگرت و لەسەر سەکۆیەکی بەرزی

ناوەڕاست کەشگەکەدا دەوەستا، دارێکی درێژیشی بە دەستەوە دەگرت، کە لە شێوەی ئاڵادا، پێڵەی رەنگاوڕەنگی پێوە بەستبوو. هەر مەل و باڵندەیەکی بەدیبایە کە لە کەشگەکە نزیک بێتەوە، هاواری دەکرد و دەیقیژان و دارەکەی رادەوەشاند و باڵندەکەی دەترساند و دووری دەخستەوە.
ئەو ئەوروپاییانەش، کە کۆچیان بە ئەمریکای باکوور کرد و لەی نیشتەجێ بوون، ئەوانیش هەر وەکو خەڵکی رەسەنی ئەمریکا، نەیاندەزانی بووکە سەماکەرە دروست بکەن. ئەوانیش بە خەزانی و بە نەرە، پاسی باخ و بەستان و کەشگە تەوکراوەکانیان دەکرد. بەڵام هەندە لەو ئەوروپاییانەی لە دوایدا کۆچیان بە ئەمریکا کرد، بە تایبەتیش ئەڵمانییەکان، بیرەکەی دروستکردنی بووکە سەماکەریان لە ئەمریکای باکووردا بەاوکردەوە. کە بە دوو دار لە شێوەی خاچدا، کراسی کەن و پێڵەیان لەبەردەکرد و ملپێچکی تەنکی درێژیان لە مل دەکرد، دوو فەقیانە یا هەموچکی تەنکی درێژیشیان لە قژە دەکردن، کە با لەیانی دەدا دەشکانەوە. بە ترساندن و دوورخستنەوەی باڵندەکان. بەم بووکە سەماکەریان دەوت (بەتسامون) یا (بەگیمان) زەر جاریش لە شێوەی خەزانێک درووستیان دەکرد، ژن و پیاوێک و منداڵێک لە نەوانیاندا.. زەربەی ئەم داهێنانەش هەر بە پاسکردن و ترساندنی باڵندەکان نەبوون، بەڵکو بە جوانی و بە خێشی دروستیان دەکردن و دایان دەنان.
چینییەکان لە ساڵی (١٩٥٨) دا لە سەردەمی شەشی رەشنبیری (ماوی) دا، شەڕەکی سەرتاسەریان لە دژی باڵندەی چەلەکە راگەیاند. وا لەکیان دایەوە کە هەر چەلەکەیەک لە ماوەی ساڵێکدا، چوار کیلە گەنم و برج دەخوا، لە هەمان کاتدا، ژمارەی دانیشتووانی چین لە زیادبوونداا بوون. کە پەویستییەکی زیاتریان بە خواردنی دانەوێڵە هەبوو. ئەو دروشمەیان راگەیاند "نا بە بەشداریکردنی چەلەکە و جرج و مشک لە خواردنەکانیان"
لەم شەڕەشدا، کریکاران و جووتیاران و قوتابیان بەشداریان کرد، هەریەکەش رۆڵەکی تایبەتییان پێ سپاردبوون. هەموویان رژانە سەر شەقامەکان و لە مەنجەڵ و قاپ و تەنەکەیان دەدا و ئاڵای سووریان بەرزدەکردەوە و دەیان شکاندەوە، بە ترساندن و دڕپەراندنی چەلەکەکان لە هەلانەکانیان. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا زیاتر لە (١٠) ملیۆن چەلەکە لە چین تاران. بەڵام ئەم جەنگە زوو کۆتایی هات.. کاتێک کە زاناکانی چین، لە دوای هەڵدەین و پشکنینی سکی چەند چەلەکە و باڵندەیەک و چەند جرج و مشکێک بۆیان دەرکەوت، (دوو لە سێی) ئەو شتانەی وەکو خەراک

لەناو سکیاندا بوون، بریتیبوون لە مەروو و کرم و گیانەوەری زیانگەیەنەر بە گەنم و جۆ و برنج و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، تەنیا (یەک لە سێی) ئەو خواردنانەی لەناو سکیاندا بوون، بریتیبوون لەو خواردنانەی کە مرۆڤ دەیخواردن.
چینییەکان باجێکی زۆری ئەم هەڵەیان دایەوە، ناچاربوون بە لە ناوبردنی مەروو و کرم و جانەوەری زیانبەخش لە ناو باخ و کەشتگەکانیاندا، بە دوای ئەنجامەناتیقێکی دیکەدا بگەڕێن، بە پاراستنی کەشتگەکانیان، ئەوەبوو لەناوبەری کیمیاویان بە لەناوبردنی ئەو کرم و مەروو زیانبەخشانە بکارهێنا. کە چەندین ملیۆن دۆلار لەسەریان کەوت.
سەرەڕای داهێنانی بووکە سماکەری ئەلیکترۆنی تازە و بکارهێنانی ماددەی کیمیاوی لەناوبەر. بەڵام تا ئەمڕۆش بووکە سماکەری کلاسیکی بکاردەهێنرێ و خانەنشین نەکراوە.. بووکە سماکەر بوونە بە هەمای کەلەپووری یا گواستنەوەی داب و نەریتی جووتیاران و باخەوانان و رەزەوانان کە وەکو کەتەکی جوان لە ناو کەشتگە و باخ و بەستان و باخچەکاندا، دایان دەنێن.
_
ئامانج هەرچییەک بێت لە دروستکردن و دانانی بووکە سماکەر، لە راستیدا مەبەست تەنیا دوورخستنەوەی قەڵەڕەش و باڵندەکان نییە، بەڵکو بووکە سماکەرەکان جوان و رەنگاوڕەنگن، خۆشی و شادی بە مرۆڤ دەبەخشن، چونکە هەر زوو قەڵەڕەشەکان و چۆلەکەکان بیان دەردەکەوێت، کە بووکە سماکەر، مرۆڤی راستی نییە و پێکەرەکی دروستکراوە، ترسیان لێی نامێنێ و دەچن لەسەر سەری و شان و باڵەکانیدا دەنیشنەوە و دەنووکی لێدەدەن و گاڵتەیان پێی دەکەن.
ئەمریکییەکان بە هەی بووکە سماکەرەوە ژمارەیەکی زۆری قەڵەڕەشەکانیان پاراست. چونکە لە ناوەڕاستی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمیندا، جووتیارەکان بە تاران و بە کەمبوونەوەی قەڵەڕەشەکان، سزای خەیان وەرگرت. بەروبووم کشتووکاڵییەکانیان. کەوتنە ژێر هەڕەشەی خواردن لە لایەن کرم و مەروو زیانبەخشەکانەوە، زیاتر لە هەڕەشەی باڵندەکان. بۆیە وازیان لە دوورخستنەوەی باڵندەکان هێنا. بە ئەوەی کرم و مەروەکان بخۆن. تەنیا لە ماوەیەکی پێگەیینی بەروبووەکانیان پاسی کەشتگەکانیان دەکەن. لە راستیشدا قەڵەڕەشەکان زیانێکی ئەوتۆیان نییە. چۆلەکەکانیش لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ نزیکترین باڵدەن لە مرۆڤەوە. مرۆڤ لە هەرکەو بە چۆلەکەش لەوە هەیە.
بووکە سماکەرەی ئەلیکترۆنی:

بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی، لە شەوەی دەزگایەکی قەوارە گەورە دایە. لە شەوەی رادار دەچێت. بە دوورخستنەوەی باڵندەکان، لە سەر زەوی لە ناوەراست باخ و بەستان و رەز و کێڵگە و باخچە و شوێنە گشتیارەکاندا دادەنرێت، نزیکەی مەتر و نیوەکی دووجا شوێن دەگرێت.. ئەم دەزگایە پشت بە (لەزەری تیشک سەوز) دەبەستێت، کە لە رەنگی گیا و گەڵا سەوزەکان دەچێت، باڵندەکان بە روونی لێکی ناکەنەوە. هەرکە مەل و باڵندە و چۆلە و رەوی و بەراز و گیانلەبەرەکی تر، گەر لە کێڵگەکان نزیک ببنەوە، تیشکە سەوزەکە دوایان دەکەوێ و بەزار و ناچاریان دەکات و لە کێڵگەکە دووریان دەخاتەوە.. ئامانجی جیاوازیکانی بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی یە:

١ـ هیچ زیانێک بە باڵندەکان ناگەیەنێت، تەنیا ئاگاداریان دەکاتەوە و بە هەواشی لە کێڵگەکە دووریان دەخاتەوە.

٢ـ پەویستی بە وزەی کارەبا و هیچ مادەیەکی دیکە نییە، بە وزەی رەژ کاردەکات.

٣ـ دەزگای لەزەرەکە تەنیا مەتر و نیوەکی چوار گۆشە جێ دەگرێ، بەڵام پاسی هەموو لایەنەکانی کێڵگەکە دەکا، تا ماوەیەک دوای باڵندەکان دەکەوێ و دووریان دەخاتەوە.

٤ـ هیچ کارتێکردن و زیانێکی بە ژینگە نییە.

٥ـ دەکرێت لەناو باخچە و لەناو کێڵگە و لە زەر شوێنی تردا دابنرێت.

چەندین جۆری جیاوازی تری بووکە سەماکەرەی ئەلیکترۆنی هەیە، بە نموونە، بووکە سەماکەرە هەیە، لە شەوەی (کوندەپەووی ئەلیکترۆنی) قەوارە گەورە دایە، کە زەر دەگمەنێت و هەمیشە بێکانی دەلەرنەتەوە.. باڵندەکان لێی دەترسن.

لە هەندە لە سەربانەکانی کارگەکان و فەرمانگاکانی شار و شارۆچکەکانی ئەوروپا، بووکە سەماکەرەی لە شەوەی قەڵەش، کە لە کاغەزی نایلۆنی رەشی تەنک دروستکراوە، تا باران تێی نەکات، بە پێتێکی درێژ و بە دارکەوە دەیبەستن، کە با لێی دەدات بەرز و نزم دەبەتەوە.. کە بە جوانی و بە خەشی دایدەنێن. لە هەمان کاتیشدا باڵندەکان لێی دوور دەکەونەوە.

رەزا شوان

نەرویج: ١١/ ئاوگوست/ ٢٠٢٠

دڵخوێنمەوە ... ڕەستەم خامۆش

دڵخوێنمەوە ، دڵخوێنمەوە
پەرتووکی باش دڵخوێنمەوە

منی زارۆی ژێر و بچووک
هەردەم هاوڕێم لەگەڵ پەرتووک

هەتا بێرم فەروان بێ
ڕەگەی ژینم ڕەش و جوان بێ

دڵخوێنمەوە هەر بۆی شایدام
لەگەڵ پەرتووک من هەر ئاشنام

ڕەستەم خامۆش